Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.1

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw
kamaran.khudhur@su.edu.krd

RECEIVED :22 /06/2024
ACCEPTED :09/10/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

# فۆرمـەکانی شـیعری هاوچەرخ لە شـیعرەکانی (جـەلال بەرزنجی)داتوێژینەوەیەکی (شـێوازگەری)یە

**کامران ابابکر خضر خۆشـناو** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**دڵگەش صمد رسول**/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بنەسلاوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە– هەولێر

**محمد شاکر عبدالکریم**/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شەقلاوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە– هەولێر

**وشە سەرەکییەکان:**
فۆرم،
شیعری ئازاد،
چیرۆکە شیعر،
هایکۆ،
نانۆ

## پوختە

هەموو دەقێکی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دوو دیوی هەیە، ئەویش (فۆرم) و (ناوەرۆک)ە، بەمەش هەموو دەقێکی ئەدەبی و شیعری خودان فۆرمی خۆیەتی، تەنانەت لە ڕێی فۆرمەکان ژانر و بابەتە ئەدەبییەکانیش لێکجیادەکەینەوە، لە لایەکی دی فۆرمەکانی دەقی شیعر بەردەوام لە گۆڕاندان، هۆکارێکیشن بۆ نوێکردنەوەی شیعر و بەردەوامی ژانرەکە. لەم دیدگەوە شیعری هاوچەرخی کوردیی چەندین فۆرمی تایبەتی هەیە، کە شیعری شاعیرانیش دەکەونە ناو فۆرمێک یان چەند زیاتر لەم جۆرانە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە (میتۆدی شێوازگەریی) بەستراوە، بۆیە هەوڵمانداوە بەشێکی زۆر لە شێوەکانی فۆرمی شیعری هاوچەرخ دەستنیشان بکەین و لێی بدوێین، دواتریش دەقی شیعری (جەلال بەرزنجی) وەک بەڵگەی فۆرمەکان تاوتوێ بکەین، چونکە شاعیر ئەزموونی شیعری (لە ناوخۆ و دەرەوە)یش هەیە، هەمیشە هەوڵیداوە دەقە شیعرییەکانی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت و فۆرمە جیاوازەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانی شیعری کوردی بەرجەستە بکات. وەک دەقەکانی بەر لە ڕۆیشتنی بۆ تاراوگە– غوربەت، زیاتر ئەو دەقانەن، کە درێژن و لە شێوەی (چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعر)دان، بەڵام دوای چوونی بۆ تاراوگە و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەدەبیاتی بێگانە دنیابینیی دەگۆڕێت و بەرەو فۆرمی کورت دەڕوات، زیاتر ئەو دەقانەن، کە ئەدگارێکی کورتیان هەیە و لە شێوەی (کورتەشیعر، ڕستە شیعر، هایکۆ، نانۆ...)دان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### ٠. پێشەکی:

فۆڕم تەبا لەگەڵ ناوەرۆک پێویستیەکی بنەڕەتی و سەرەکی دەقن، تەنانەت ژانرە ئەدەبییەکانیش هەر لە ڕێی (فۆڕم) لێکجیادەکرێنەوە، ئەمەش وایکردووە: فۆڕم گرنگی زۆری هەبێت.

### ٠. ١. سنووری توێژینەوەکە:

**سنووری** توێژینەوەکە دیاریکردنی فۆڕمەکانی شیعری هاوچەرخە لەنێو دەقە شیعرییەکانی (جەلال بەرزنجی)دا.

### ٠. ٢. هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەک بۆ پێگە و گرنگی (فۆڕم) وەک پایەکی سەرەکی شیعر و لە لایەکی دیکە بۆ خودی ئەو ئەزموونە شیعرییەی (جەلال بەرزنجی) دەگەڕێتەوە، کە توانیوویەتی لەگەڵ ڕەوتی قۆناغ و شەپۆڵە ئەدەبییەکاندا خۆی نوێبکاتەوە و زۆرینەی فۆرمە شیعرییەکان لە دەقەکانیدا بەرجەستەبکات.

### ٠. ٣. پرسیاری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

– (جەلال بەرزنجی) ی شاعیر چەند لەو فۆڕمانەی بەکارهێناوە و چۆنی بەکاربردوون؟

–ئایا ئەو فۆڕمانەی بەکارهێنراون لە دەقەکانی شاعیر لە (تاراوگە) و بەر لە تاراوگە) وەک یەکن؟ چۆن؟ بۆچی؟

### ٠. ٤. گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە؛ ئاوڕدانەوەیە لە دەنگێکی فەرامۆشکراوی شیعری کوردیی، ، نزیکەی نیو سەدەیە خزمەت بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەکات، ئەویش (جەلال بەرزنجی)یە، دەقەکانی بە جۆرێکن خەریکە وڵاتانی ئەورووپی شانازی پێوەدەکەن، لەم سۆنگەوە لە دەقەکانی ناوبراو کۆڵدراوەتەوە و خراونەتە ژێر بنەماکانی فۆڕمە شیعرییەکان و تێدا بە شێوەی ئاماریی فۆڕمە شیعرییەکانی پیشاندراوە.

### ٠. ٥. میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی (شێوازگەری)ی وەرگیراوە.

### ٠. ٦. پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، لە دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک پێکهاتووە، بەم شێوەیە: لە (بەشی یەکەم)دا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چەمک و زاراوەی فۆرم و پێناسەکردنی فۆرم و ڕۆڵی لە پێکهاتەی دەق و پەیوەندیی فۆڕم لەگەڵ ناوەرۆکدا کراوە، دواتر باسی فۆڕمەکانی شیعری هاوچەرخ کراوە. هەرچی لە (بەشی دووەم)ە بەشێکی پراکتیکییە و تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی دەقەکانی (جەلال بەرزنجی)ی لەژێر چەتری فۆڕمە جۆربەجۆرەکان، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١. چەمک و پێناسەی فۆڕم و جۆرەکانی فۆڕم:

### ١.١. چەمک و زاراوەی فۆڕم:

سەرەتاو ڕیشەی وشەکە (فۆڕم) بۆ زاراوەی (forma)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە ئەویش ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر زاراوەکانی (edios و morphe)ی یۆنانی، کە یەکەمیان بۆ فۆڕمی بینراو وە دووەمیان بۆ فۆڕمی زەینی وەک (ئایدیاکانی ئەفلاتون کە کۆمەڵێک فۆڕمی زەینی نەمرن بەکارهاتوون)(عومەر، ٢٠٢١: ١١)، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا بەرانبەر زاراوەی فۆڕم وتراوە، کە (ڕوخساری دەرەوەیە بۆ هەر شتێک)(محمود، ٢٠٢٢: ٣ )، لە زمانی (فەرەنسی کۆنیشدا (forme) ی پێ وتراوە)(عومەر، ٢٠٢١: ١١)، لە ڕەخنەسازیشدا لە بری (فۆڕم وشەی پێکهاتە، بنیات–

structure بەکاردەبرێت)(محمود، ٢٠٢٢: ٣). لای عەرەبیش لە کۆندا (زاراوەی (اللفظ والمعنی)لەلایەن ڕەخنەگرەکانەوە بەکارهاتووە)(محمود، ٢٠٢٢: ٣)، بەڵام لای ڕەخنەگرە تازەکان لە بری ئەم زاراوەیە، زاراوەی (شـــکل و مضـــمون) بەکاردەهێنن بۆ مەســـەلەی فۆڕم و ناوەڕۆک. لە زمانی کوردیشـــدا لە فەرهەنگی زاراوەدا ((شـــێوە) بەرانبەر (فۆڕم) بەکارهاتووە) (حەبیب، ٢٠٠٢: ٧٤)، لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)شدا، فۆڕم بە مانای (شێواز، شکل و قیافە و ڕەوشت و ئاکار)(شەرەفکەندی، ١٣٦٩: ٥٠٢) دانراوە. لە لایەکی دیکە (عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)یش بەرانبەر زاراوەی فۆڕم، (شکل، شێوە، ڕوخساری)(ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٢)ی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەی وشەی (شێوە یان ڕوخسار) بەردەوام لای توێژەرە کوردەکان بەرانبەر زاراوەی(فۆڕم) بەکاردێت، بەڵام بەشێکیشیان پێیانوایە؛ کە (شێوە) بە جۆرێک لە فۆڕم جیایە، (فۆڕم سێ ڕەهەندی، یان زیاترە و شـێوە تەنیا ڕووی بەرانبەرە وەک شـەش پاڵوو، قووچەک...)(عومەر، ٢٠٢١: ١١)، ئەمەش واتە فۆڕم ڕەگەزی زیاتر لەخۆ دەگرێت و لە شـێوە بەرفراوانترە. بە واتایەکی دیکە فۆڕم تەنیا شـتی بینراو ناگرێتەوە، بەڵکو فۆڕمی زەینیش دەگرێتەخۆ، بە پێچەوانەی شـــێوە، وەک لە پێشـــوودا باســـکرا، کە تەنیا شـــتی بینراو و ڕووی بەرانبەر دەگرێتەوە.

### ١. ٢. پێناسەی فۆڕم:

فۆڕم بریتییە لە بناغەو چوارچێوەیەک، کە نووســـەری دەق لە دەقدا هزر و خەیاڵی بە زمانێکی هونەری باڵا لە ناویدا دادەڕێژێت، یان (وێناندنی خەیاڵ و فانتازیایە لە بنیاتی دەقدا)(محمود، ٢٠٢٢: ٣)، (جەلال بەرزنجی)یش دەڵێت: (فۆڕم لایەنی فیزیکی دەقە)(بەرزنجی، ٢٠٢٣). بێگومان فۆڕم لەتەک ناوەڕۆکدا دوو سەرەکیترین کەرەستەی پێکهێنەری دەقن، ئەو گرنگییەشـە وایکردووە ڕێبازێکی تایبەت بە ناوی (فۆڕمالیست) سـەرهەڵبدات بۆ هەڵسـەنگاندن و بەهادان بەدەق و لای ڕەخنەگرانیش جێگەی بایەخ بێت.

وەک هەبوون فۆڕم مێژوویەکی کۆنی هەیە، وەک (ئەفلاتوون) پێی وایە (شـیعر بە هۆی زمان و ئەو فۆڕمە هونەرییەی هەیەتی دەتوانێت هەست و سۆزی  خەڵک بوروژێنێت...)(قادر، ٢٠٠٧: ٥٨) بێگومان ئەمەش قسەیەکی لەجێیە، چونکە لە دەقدا ناوەڕۆک چەندە جوانیش بێت، بەڵام زمانی باڵا و فۆڕمێکی جوانی تێدا بەکارنەهاتبێت، ئەوە دەبێتە قســـەیەکی ئاسـایی و ڕۆژانە. شـێوەگەراکان (فۆڕمالیسـت)ەکان دەربارەی گرنگی فۆڕم دەڵێن: (فۆڕم و زمان باشـترین ڕێگەن بۆ گوزارشـتکردن لە فیکری نووسـەر)(ئەسـوەد، ٢٠١١: ٢١٦)، ئەمەش واتا نووسـەر لە ڕێی بەکارهێنانی زمانەوە لە نێو فۆڕمێکدا ناوەڕۆکی نێو خەیاڵ و هزری دادەڕێژێت، هەروەها (ئیمانوێل کانت) لە بارەی شـــیعرەوە دەڵێت: (پێویســـت ناکات بایەخ بە هیچ شتێک بدەین، تەنیا فۆڕمەکەی نەبێت)( خدر،٢٠٢٢، ٣٧)، بەمەش جەخت لە جوانی و ئیستاتیکی دەق دەکاتەوە لە دیوی دەرەوە دەقدا (فۆڕم)، (ڕینیە ویلکیش) ڕایەکی نزیک لە ڕایەکەی (کانت) دەخاتەڕوو و پێیوایە: (شیعر شـــتێک نییە جگە لە فۆڕم)(محمود، ٢٠٢٢: ٥) بێگومان ئەو فۆڕمەش لە ڕێی لادانی زمان و گەمەکردن بە کەرەســـتە و شـوێن و بنیاتی وشـەکانەوە دروسـت دەبێت، هەر ئەمەشـە وا لە (ئەدۆنیس) دەکات بڵێت: فۆڕم (یەکەمین نیشـانەیە بۆ جیاکردنەوەی داهێنەر لە لاسـاییکەرەوە) (ادونیس 2010: 129)،واتە شـاعیر و نووسـەر پێش هەموو شـت لە ڕێگەی فۆڕمی دەقەکانی و داهێنان تیایاندا دەناسرێتەوە، هەر بۆیەش داهێنەرانی ئەدەب لەگەڵ هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا بەردەوام گۆڕان لە فۆڕمدا دەکەن و فۆڕمی نوێ بەرهەمدێنن.

### ١. ٣. فۆڕم لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە:

فۆڕم لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە ئەو شێوە دەربڕینانە دەگرێتەوە؛ کە نووسـەر بابەتی هزری لەسـەر شێوەیان ئەخاتەڕوو، بەمەش (فۆڕم ڕۆڵی ڕێکخســـتنی ناوەڕۆک لە بواری ئەدەبدا دەبینێت)(خدر، ٢٠٢٢: ٣٧). بێگومان وەکو ئەوەی گوترا: (فۆڕم و ناوەڕۆک) دوو بنەمای ســـەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، هەریەکەشـــیان ئەدگار و تایبەتمەندی و خۆیان هەیە و بەپێی ڕێباز و قۆناغبەندیی ئەدەبیی بایەخی خۆیان هەیە، بۆیە نووسـەر ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە، بەڵکو

بەیەکەوە بەکاریاندێنێت و دەقی پێ دێنێتە بوون،چونکە نووسـەر بابەت لە هزری لێکدەداتەوە و لە فۆرمیشـدا بابەتەکە بنیات دەنێت و بەرجەستەی دەکات.

فۆرمالیسـتەرووسـەکان لەو باوەڕەدا بوون ئیسـتاتیکای دەق (پابەندی فۆرمەکەیەتی نەک مانا) (فەرزندە،٢٠٢٣)، بێگومانیش نووسـەر فۆرم وەک ڕێگەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی دەق دەبینێت، لە ڕێی داهێنان تیاییدا جوانی زیاتر بە دەق دەدات، هەروەها لە نێو دەقدا (شێواز و کاری هونەری زیاتر بە فۆرم بەندە نەک ناوەڕۆک، فۆرم کاری تاکە وە ناوەڕۆک هاوبەش)(کورک، 1989: 160)، ئەم داهێنان و جوانی بەخشـینەش بە دەق، لە ڕێی فۆرمەوە کاری هەموو کەس و نووسـەرێک نییە و تەنیا لای نووسـەری باش و داهێنەرانی ئەدەب دێتەبوون، هەر ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی نووسـەر و داهێنەری ئەدەبی لە نووسـەرانی دیکە، دواتر ئەگەر گرفتی نێتە پێش ئەوا ئەو داهێنانە دەبێتە موڵک و ناسنامەی ئەو نووسەرە. [1]

فۆرم لەگەڵ هەموو ئەو ئەرکانەی هەیەتی، ئەرکێکی تریشـی هەیە، کە لەوەیە لە گرنگترین ئەرکەکانی بێت، ئەویش دیاریکردنی ژانری دەقی ئەدەبییە، واتە هەر لە ڕێی فۆرمەوە دەکرێت دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە ئایا دەقەکە شیعرە یان پەخشانە،...، چوونکە فۆرمی هەر ژانرێکی ئەدەبی جیاوازە و ئەدگار و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە بە هۆیانەوە لە ژانرێکی دیکە جیادەکرێتەوە.

### ١. ٤. پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک:

ئەگەر (فۆرم) شێوە و چوارچێوەی دەرەوەی دەق بێت، ئەوە ناوەڕۆک؛ پەیام دیدگای ناوەوەی دەقە، بە واتایەکی دیکە: (ناوەڕۆک ئەوەیە چی دەڵێیت، فۆرمیش ئەوەیە چۆن دەیڵێیت و بەکام شێواز دەیڵێیت)(عومەر، ٢٠٢١: ٩)، لەلایەکی دیکە (فۆرم و ناوەڕۆک) دووانەیەکی لێکدانەبڕاون لەنێو دەقدا و هیچیان بێ ئەوی تریان جوانی و ئیسـتاتیکای دەق تەواوناکات، باشی و خراپیان بەیەکەوەیە، هێند تێکەڵاوی نێو یەکدین، کە تەنیا بە باشی هەردووکیان بەرهەمێکی جوان دێتەبوون و کرێتی لە هەریەکێکیان ڕاستەوخۆ لە جوانی و ئیسـتاتیکای دەق دەدات و ئاسـتی بەرهەمەکە دادەبەزێنێت، لای (هیگڵ)یش (تەنیا ئەو بەرهەمە هونەرییەی ناوەڕۆک و فۆرمەکەی هـاوتـا و گونجـاون ئەوا بەرهەمێکی هونەری ڕاسـتەقینەیە)(هاڵبێرگ، ٢٠١٠: ٢٧). لەم بارەیەوە (ئیبن ڕەشـیق) دەڵێت: (فۆرم لاشـەیە و مانا ڕۆحەکەیەتی...، لاوازی و بەهێزییـان پێکەوەیە، وە تەواوی واتـاکە دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم)(محمود، ٢٠٢٢: ٧)، بۆیە دەکرێ بڵێین: لە نێو دەقـدا هەمیشە دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و بێ هیچ گومانێک دەبێ بەردەوام بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق تەواو بکەن، نوێگەری و داهێنانیش لە دەقدا هەر لەڕێی هێنانی گۆڕان بەسـەر ئەم دووانەدا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا مەرج نییە نووسـەر بەردەوام بتوانێت داهێنان لە هەردووکیان (فۆرم و ناوەڕۆک)دا بکات، چونکە (دەق مەرجدار نەکراوە بەوەی، نووسـەر لە یەک کاتدا لە ڕووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە داهێنان بکات، بەڵام مەرجە نە فۆرم بکاتە قوربانی ناوەڕۆک، نە ناوەڕۆکیش بکاتە قوربانی فۆرم)(خدر، ٢٠٢٢: ٤٠)، داهێنانەکەش لە لایەک بەپێی جیهانبینی نووسەر و لە لایەکی دیکە بە پێی توانا و کارامەییەکەی دەکرێت.

لەم دیدگەوە داهێنان بریتییە لە داهێنان لە فۆرم و زمان، بە واتـایەکی دیکە: (فۆرم و زمان تەمەن درێژترن لە بابەت و ناوەڕۆک، چونکە گرەوکردن لە سـەر بابەتی مەزن و پیرۆز بە مەبەسـتی بەرهەمهێنانی دەقی مەزن بەبێ بوونی فۆرم و زمان، شـیعری نوێ و داهێنانی لێناکەوێتەوە)(تاهیر، ٢٠١١: ٤٧)، ئەوەی جێی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە ئەوەیە؛ کە ئەم داهێنانانە لە زۆربەی کاتدا، بۆ کات و سـەردەمەکە دەگەڕێتەوە، چونکە هونەرێک لە ئارادایە و بە پێی پێویسـتی هونەرەکە و سـەردەمەکە نووسـەر داهێنان لە فۆرم یا ناوەڕۆکدا دەکات، بۆ نموونە لە زەمەنی کلاسیکدا بە هۆی هونەری باوی زەمەنەکە و پابەندی شـاعیران بە (کێش و سـەروا) و دابەشـکردنی ڕەش و سـپێتی سـەر کاغەز و

[1] مەبەست لە گرفت، هۆکاری دەرەوەی دەقە وەک (بڵاونەکردنەوە، دیارینەکردنی کات،...)، کە زۆر جاران ڕاستی دەشێوێنن، وەک ئەو گرفتەی لە دەستپێکی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بۆ (گروپی کفری)ی دروستبوو، بە هۆی بڵاونەکردنەوەی مانیفێست، لەگەڵ ئەوەی بەڵگە هەیە؛ کە (گروپی کفری) زووتر نوێگەری کردووە بە تایبەتی لە دیوانی (خوا و شارە بچکۆڵەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت)، بەڵام هەر (گروپی ڕوانگە) و بڵاوکردنەوەی مانیفێستەکەیان بە دەستپێکی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیی دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی مانیفێست بڵاوکردنەوەکەیانە.

تۆپۆگرافیای شـــیعری، ئەوا زۆربەی کات دەبوو ناوەرۆک لە خزمەتی فۆڕمدا بێت، تاکو کێش و ســـەروای دروســـت، دروســـت بکات. نەک هەر ئەوەندە بگرە زۆر جارانیش ناوەرۆک دەبوو بە قوربانی لەم نێوەندەدا، بە پێی ســـەردەم و زەمەنەکە ئەمە گۆڕانکاری بەسەرداهات، بە تایبەت لە ئەدەبی هاوچەرخدا، لە زۆر کاتاندا بابەتەکە پێچەوانەبویەوە.

بێگومان دروســـترین ڕێگەش بۆ پێشـــکەشـــکردنی دەقێکی داهێنەرانە؛ بریتییە لەوەی هەم فۆڕم و هەم ناوەرۆکیش بەیەکەوە بخرێنە خزمەتی دەق، کە لێرەش بەپێی ژانری دەق تەکنیکی خســـتنە خزمەتەکە دەگۆڕدرێت. چونکە وەک گووترا: بەیەکەوە بوونی فۆڕم و ناوەرۆک لە نێو دەقدا پێویستییەکی حەتمییە بۆ بەرهەمهێنانی دەق و بێ هیچ یەکێکیان دەق بەرهەم نایێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لێکۆڵینەوەی ورد لە هەریەکێکیان بکرێت.

## ١. ٥. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فۆڕم:

دەکرێ بڵێین دەستپێکی پەیدابوونی فۆڕم دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای ســەرهەڵدانی مرۆڤایەتی، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە لە ســـەر دیواری ئەشـــکەوتەکان وێنەی کەلوپەل و پێویســـتییەکانی ژیانیان کێشـــاوە. ئەگەر باســـەکەمانیش بچووک بکەینەوە لە فۆڕمی ئەدەبی ئەوە دەڵێین، دەرکەوتنی فۆڕمی ئەدەبی یان شـــیعری پێویســـتی بە کۆمەڵێ هۆکار هەیە و زەمینەی لەباری دەوێت، زەمینەی لەبار لە ڕووی ژیان (سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری...)، ئەم هۆکارانەش بەردەوام وا دەکەن فۆڕمی نوێ لەدایک ببێ و بەردەوام فۆڕم خۆی نوێ بکاتەوە، لەگەڵ هەر نوێبوونەوەیەکیشـدا دەرخەری سـیما و ئەدگاری ســـەردەمەکەی دەبێت و ڕەنگدانەوەی هۆی ســـەرهەڵدانەکەی دەبێت، کەواتە ســـەرهەڵدانی فۆڕمی ئەدەبی پەیوەســـتە بە چەند هۆکارێکی ســـەرەکی، لەوانە: (١-پێویســـتی کۆمەلایەتی ســـروشـــتەکەی. ٢-باری هزری و زەینی-ئەبستراکت. ٣-سەرهەڵدانی پێویستی لە ئەنجامی تێکچوون و شێواندا)(الکبیسي، 1979: 26).

لەم ســـۆنگەیەوە ئەگەر لە قۆناغی ئێســـتای کۆمەڵگای کوردییدا بڕوانیین، دەبینیین: تاکەکان بۆ گەیشـــتن بە شـــتەکان بەدوای کورتترین و خێراترین ڕێگەدا دەگەڕێن، ئەمەش کاریگەری بەســـــەر لایەنی ئەدەبیشـــــەوە هەبووە و هەیە، بە جۆرێک تاکەکان حەوســـــەڵەی ئەوەیان نەماوە بە دیار دەقێکی درێژ و ئاڵۆزەوە ڕابمێنن و بیری لێبکەنەوە، ئەمەش ڕێگەخۆشـــکەر بووە و وایکردووە؛ فۆڕمەکانی وەک (کورتیلە شـــیعر، پۆســـتەرە شـــیعر، هایکۆ،...) زیاتر باو ببن، بە پێچەوانەوەش لە پێشـــوودا دەقی درێژ و پڕ لە تەمومژ دەنوســـرا و خوێنەریشـــی لە دەور کۆ دەبوویيەوە، بۆیە بە دیاریکراوی و لەژێر تیشـــکی ئەم بۆچوونانەی باســـمانکردن دەڵێین، پەیدابوون و گۆڕان لە دەقی شـــیعریی و داهێنان پەیوەستە بە گۆڕانکاری زەمەن و کۆمەڵگە. بۆ نوێبوونەوەش لە شیعریی هاوچەرخدا شیعری نوێ لە خزمەت زمان و وێنە و دەربڕین و فۆڕمی نوێی هونەرییە و داهێنانی بەردەوام لەم بوارانە دەکات، شـــاعیران بەردەوام برەو بە هەر یەک لەم لایەنانە دەدەن، تا ئاســتی داهێنان پێشــیان دەخەن، ئەمەش شــیعر بە تازەیی دەهێڵێتەوە و وادەکات دوور لە مردن بێت و بەردەوام فۆڕمی نوێ بێتە بوون.

## ٢. فۆڕمەکانی شیعری هاوچەرخ لە شیعرەکانی (جەلال بەرزنجی)دا:

فۆڕم هاوتەریب  لەگەڵ ناوەرۆک پیکهێنەری سەرەکی دەقن و تەواوکەری یەکدین، بۆیە شاعیران هەمیشە هەوڵیانداوە (بەهۆی ئەو دابەشبوونە تازەیەی ڕوخساری شیعر- فۆڕم-، هەست و بیر و یادەوەرییەکانیان بە شێوەیەکی تازە و هونەریی جوان پیشانبدەن، هەر - لەم ڕێگایەشەوە- ڕوانینە تایبەتییەکانیان بخەنەڕوو) (حەمە، بەکر، ٢٠٢١، ٢٢٥)، لەم دیدگەوە دەقە شـیعرییەکانی (جەلال بەرزنجی)، لە ڕووی فۆڕم فرە چەشـنن و لە لایەنی ناوەرۆک فرە بابەتن، بۆیە بە پشبەستن بە ناونیشانی توێژینەوەکە و بنەماکانی فۆڕمە شیعرییەکانی هاوچەرخ، لەو فۆڕمە شیعرییانە دەدوێین، کە لە نێو دەقەکانی (جەلال بەرزنجی)دا بەدیدەکرێن، لەوانە:

### ٢. ١. شیعری ئازاد:

زاراوەی ئەم فۆرمە لە زمانی (ئینگیلزی (free verse)، لە زمانی عەرەبی بە (شـــعر الحر) و لە زمانی کوردیشـــدا بە زاراوەی (شـیعری ئازاد)، یان (شـیعری سـەربەسـت) هاتووە، سـەرهەڵدانی ئەم فۆرمە بۆ سـەرەتای سـەدەی (١٩) دەگەڕێتەوە، بە تایبەت کە (دەریاچە خوازەکان دەسـتەیەک لە شـاعیرانی ڕۆمانسـی بوون و لە دەوری دەریاچەکانی باکووری ئینگلیزسـتان کۆبوونەوە و لەنێوان (١٧٩٨ز) بۆ (١٨١٥ز) یەکەمین کۆمەڵە شـیعری ڕۆمانتیکیانەی خۆیان بڵاوکردەوە...)(سـەعدون، ٢٠١٥: ١٢٩)، بەمەش ڕۆڵیان هەبوو لە سـەرهەڵدانی شـیعری سـەربەسـت، دواتر برەو بە دنیابینییەکەیان درا، ئەویش ئاوێزانکرن و کردنە لووتکەی (هەسـت و سـۆز) بوو لە دەقدا، پاشـانیش سـیمبولیسـتەکان مانیفێسـتیان بڵاوکردەوە، لای سـیمبولیسـتەکان (کێش و سـەروا وردە وردە تێک شـکێنران، تەنانەت لای هەندێکیان بە تەواوی تووڕ هەڵدرانە دەرەوەی شـیعر)(سـەعدون، ٢٠١٥: ١٢٩)، چونکە ئەوان پێیان وابوو؛ کێش و سـەروا خەیاڵ تێکدەدات و لە جوڵەی دەخات.

ئەم گۆڕانە بەم شێوەیەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بەسەر ئەدەبیاتی عەرەبی و کوردی دا نەهات، نەتوانرا بە ئاسانی کێش و سـەروا بە تەواوی تورهەڵدرێنە دەرەوەی شـیعر، وەک دەگووترێت؛ لە شـیعری ئازاد دا (شـیعری ئازاد بریتییە لە چەند پارچە بەیتیکی وەزنداری نایەکسـان لەم شیعرەدا یەکێتی قاڵب و فۆرم نییە.... کورتی و درێژی بەیتەکانیش بەندە بە نێوەڕۆکی نێو بەیتەکـان)(حســێنی، ٢٠٠٦: ١٦٦)، واتە بە پێی ئەم بۆچوونە، ئەم فۆرمە پێچەوانەی فۆرمە ئەورووپییەکەیە و شـیعری ئازادیش لە کێش خاڵی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا (کێش و سـەروا) لەم جۆرە فۆرمەدا وەک کلاسیکەکە نییە، بەڵکو یەکێتی کێش و سەروا لە دەقدا تێکشکێنراوە، کێش و سەروای جیا جیایان لە دەقدا بەکارهێناوە، کورتی و درێژی بەیتەکانیش گرنگ نییە و پێویستی شیعرییەت ئەم کورتی و درێژییە دیاریدەکات.

لە ئەدەبی کوردییدا (سەربەستییەکە واتای سەربەستی لە بەکارهێنانی پێیەکاندا و سەربەستی لە نەبەستنەوەی هۆنراوە بە بەیتەوە دەگەیەنێت، نەک سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا)(عەلی، ١٩٩٨: ١٥١)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، سەرەتا شاعیران بەتەواوی دەستبەرداری (کێش و سەروا) نەبوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شیعریان دوور دەخســتەوە لە ئاوازی دەرەوە و گرنگی تەواویان خســتبووە ســەر مانا، کەواتە ئەم فۆرمە یەکێکە لە فۆرمە باوەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، (جەلال بەرزنجی) لە شـــیعرەکانییدا ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە، وەک لە دەقی (**جیابوونەوە**)دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **ئەگەر لێم جیابیتەوە** | **٧برگە** |
| **وەک جیابوونەوەی ئەو خاک و هەتاوە دەبێت،** | **١٣برگە** |
| **ڕووبارێک** | **٣برگە** |
| **بۆ هەمیشەیی لێکیان جیابکاتەوە،** | **١٢برگە** |
| **یا وەک ئەو دیو و ئەمدیوی کێوێک،** | **١٠ برگە** |
| **کەسیان بەکەسیان نەزانن.** | **٨برگە** |
| **ئەگەر لێم جیابیتەوە** | **٧برگە** |
| **یادگارییەکانمان گەرمم ناکەنەوە.** | **١٢برگە** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٦) |

وەک دیارە شـاعیر باسـی لەو سـاتە کردووە، کە کاتی جیابوونەوەیە و هەسـتەکانی تیایدا دەربڕیوە وێنەی سـەرنج ڕاکێشـیشـی دروسـتکردووە لە نێو دەقەکەدا، وەک ئەوەی جیابوونەوەکەی بە جیابوونەوەی ئەوخاکانە چواندووە، کە بەهۆی بەسەرداڕۆشتنی ڕووبارەوە بۆ هەمیشە لە هەتاو جیادەبنەوە، یان جیابوونەوەکەیان بە جۆرێک هەمیشەییە و هەرگیز یەکتر نابیننەوە، وەک چۆن دوو دیووی کێو هەرگیز ناتوانن یەکدی ببینن، تەنیا بینین و نزیکیشە، کە گەرمی و دڵخۆشی بڵاو دەکاتەوە و گەر جیا ببنەوە ئیدی ڕابردوو و یادەوەرییەکان هیچ گرنگییەکیان نامێنێت.

شـاعیر لە هەر ڕسـتەیەکدا ژمارەیەکی جیاوازی بڕگەی بەکارهێناوە و کێشـی دروسـت نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی (سەروا)یشی بەکارنەهێناوە و ئەوەی هەشە بە مەبەست نەبووە و سەرواکەی بە شێوەیەکی سروشتی دروست بووە بەتایبەت لە دوودێری کۆتاییدا پاشگری (ەوە) دووبارەبۆتەوە.

یان لە دەقی (**یەکسانی**)دا شاعیر دەڵێت:

**لە ژێر شاخێک ناخەوم ٧بڕگە**
**شەو لە کەوتنی بترسم، ٨بڕگە**
**ناچمە ناو دارستانێک ٧بڕگە**
**باڵندەکان لەگەڵ خشپەی پێم هەڵفڕن، ١٢بڕگە**
**یان ڕووتەنێک با بێت، ٦بڕگە**
**تۆشم خۆشناوێت، ٥بڕگە**
**تا بە قەد خۆم خۆشمت نەوێت. ٨بڕگە** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٣٦)

لەم دەقەشیاندا شاعیر دیسان دوورە لە بەکارهێنانی (کێش و سەروا)یەکی یەکگرتوو و هەمان شێوەی دەقی پێشوو ژمارەی بڕگەکانی هەر ڕستەیەکی جیاوازە، کێشی یەکگرتوو تیایدا دەرناکەوێت و جیا لەوەی سەروایەکی سادەی بێ زۆر لەخۆکردنیشـی تێدایە، بە فۆڕمێکی ئازاد باس لە متمانە دەکات و ڕایدەگەیەنێت؛ تا متمانەی تەواوی نەبێت لە ژێر شـاخ ناخەوێت و ناچێتە لای کەسـێک متمانەی پێی نەبێت و گەر متمانەی نەبێت بە هیچ کارێک هەڵناسـتێت، تەنانەت گەر خۆشەویستەکەشی خۆشی نەوێت ئەوا شاعیریش خۆشی ناوێت.

هەروەها لە شیعری (**ڕاوەداڵ**)دا، هەمان شێوەی بەکاربردووە:

**داڵەکان ئاسمانیان گرتووە، ٩بڕگە**
**دەبێ تەرمێکی زۆریان لەسەر زەوی دیبێت، ١٠بڕگە**
**بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئەو ناوەیان بەرنەداوە، ١٥بڕگە**
**گەر تا ئێوارە بمێننەوە ٩بڕگە**
**ئەستێرەیەک دەرناکەوێ و ٨بڕگە**
**دڵیشم شەق دەبات. ٦بڕگە** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٣١).

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (١٠٨) جار ئەم فۆڕمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٦.٣٪).**

### ٢. ٢. پەخشانە شیعر:

ئەم زاراوەیە لە زمـانی ئینگلیزیدا (poem prose یـان poetic prose) ، لە عەرەبیشـــدا (قصـــیدة نثر – نثر الشـعري)هاتووە، لە زمانی کوردیشـدا زیاتر زاراوەی (پەخشـانە شـیعر) بەکارهاتووە، کە فۆڕمێکی نوێیە و (لە ئاکامی پەرەپێدانی شـێوازی نوسـینی شـیعردا هاتووەتە ئاراوە... –سـەرەتا– لە فەرەنسـا لە سـەدەی هەژدە دەرکەوت) (بەکر، ٢٠٠٤: ١٣)، کە زەمەنی بوژانەوەی ئەوروپا بوو، لە لایەنی سـیاسـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری... ، بێگومان ئەم بوژانەوەیە لایەنی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیشی گرتەوە، یەکەمجار کۆمەڵە شیعرێک بڵاوکرابێتەوە و هەڵگری ئەدگاری پەخشانە شیعر بووبێت لای ئەورووپییەکان (کۆمەڵە شیعری (گاسپاردی شەو)ی (لویس بێرتراند) ی نووسەری فەرەنسییە)(خدر، ٢٠٢٢: ٥٩)، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر ئەدەبیاتی پاش خۆی و بەتایبەت (بۆدلێر) جێهێشت، بەتایبەتتریش لە کاتێکدا بوو؛ کە (بۆدلێر) و هاوەڵانی لە سـاتێکدابوون بڕوایان بە شـیعری پێشـوو و کۆت و بەندی کێش و سـەروا نەمابوو و لە هەوڵی ئەوەدابوون ئیستاتیکای نوێ بە دەقەکانیان بدەن.

لە ئەدەبی عەرەبیشدا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین؛ ئەوەی بەکاردەهێنرێت بنەڕەتەکەی هەر ئەوە بووە. کە لە پێشوودا پێیان گوتووە قەسیدە، یان چامە، دەستکاریکردنی شێوە کۆنەکەی قەسیدەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٢٠ و سەرهەڵدانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی شاعیران بۆ ڕزگاربوون لە مەسەلەی کێش و سەروا، کە بێگومان کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپیشیان لەسەر بوو. دیارترینی ئەو شاعیرانەشی سەرەتا بانگەشەیان بۆی دەکرد (یوسف الخال، ئەدۆنیس، خلیل حاوی...) بوون و پاشان گەنجان ڕوویان لەم فۆرمەکرد.

لە ئەدەبی کوردییشدا دوای چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕوانگە، نووسین بەم فۆڕمە بەرە بەرە دەست پێدەکات، بەتایبەت لای (شێرکۆ بێکەس)، هەرچەند ماوەیەکی کەم بەر لەو (لەتیف هەڵمەت)یش لە دیوانی (خوا و شارە بچکۆڵەکەمان)دا، بەم فۆڕمە شیعری نوسیبوو، بێگومانیش هەردووکیانیش لە ژێر کاریگەری (ئەدەبیاتی عەرەبی و گۆڤاری شیعر ٦٩)دا بوون و لە ڕێی ئەوانیشەوە ئاشنای فۆڕمەکە بووبوون و شیعریان پێی نووسیبوو.

ئەدگارەکانی ئەم فۆرمە، دوورکەوتنەوە لە کێش و سەروای تەقلیدی، ئەویش بەهۆی ئەوەی بێزاری لە کێش و سەروا گەشتبووە ترۆپک، هەر ئەم بێزارییەش بوو شاعیرانی هاندەدا نەوەستن لە ڕێگای داهێنان، بۆیە شاعیران شێوە (شیعرێکیان نووسی، تەنیا گرنگی بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە دەدا، لەتەک فەرامۆشکردنی کێشی تەقلیدی، جا لەبەر ئەوە سنوورەکانی شیعر و پەخشانیان ئاوێزانی یەکدی دەکرد و ناویان لێنا پەخشانە شیعر)(ئەسوەد، ٢٠١١: ٢٠٣)، بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەرچی ئەم جۆرە دەقانە لە فۆرم شیعریی پۆلین دەکرێ، بەڵام لە بنەڕەتدا (پێکهاتەیەکی ئاوێتەییە لە ژانرەکانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک ...، هەست بە بوونی هەر یەکێکیان دەکرێت لەنێو دەقەکەدا،- بۆیە سەرەڕای فۆرمە جیاوازەکەی- زمانی ئەم جۆرە دەقە تا ڕادەیەک جیاوازە، بەو پێیەی هەر کارێکی- ژانرێکی- ئەدەبی زمانی خۆی دەپارێزێت) (بکر، محمود،2023: 4- 5)، واتە لەم فۆرمەدا شاعیر هەڵدەستێ بە تێکەڵکردنی بەشێک لە خاسیەتەکانی شیعر و پەخشان، جوانییش لەوەدایە، کە دوو شتی تەواو دژ و پێچەوانە لە بۆتەیەکدا توێنراونەتەوە و ئەم فۆرمەی لێهاتۆتە بوون.

ئەگەر لە پێشوودا (کێش و سەروا) خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان بوون، بەڵام لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا بەگشتی و شیعری ئازاد و نوێ بە تایبەتی ئەمە کاڵبوویەوە ئەمەش لە زۆرکاتاندا دەبووە هۆی تێکەڵی ئەم دوو فۆرمەی شیعر، خاڵی جیاکەرەوەی شیعری ئازاد لە پەخشانە شیعر درێژی فۆرمەکەیە، چونکە وەک دەزانیین لای عەرەب ئەم فۆرمە هەر فۆرمی قەسیدەیە، بەڵام بە دەستکارییکردنەوە، چونکە قەسیدە یەکێکە لە فۆرمە درێژەکان. جگە لەوەش ئەدگاری دیکەش هەن، کە لە ڕێیانەوە پەخشانە شیعر پێی بناسرێتەوە، وەک: (دەرکەوتنی دەنگی شاعیر، بەکارنەهێنانی کێش و سەروا، ڕیتم و دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە و ڕستەی شیعری و دووبارەبوونەوەی پچڕ پچڕ)، وەک لە دەقەکانی: (**دوا پەنا، تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون، لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات، ...**) بەدیدەکرێت.

لێرەدا بەهۆی درێژی دەقەکان، تەنیا دەقی (**لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات**) بە نموونە وەردەگرین و ئەدگارەکانی تێدا ڕووندەکەینەوە، کە لە نێو دیوانی جەلال بەرزنجیدا لە لاپەڕە (١٥٤ تا ١٦٤) بۆ ئەم دەقە تەرخانکراوە، بەڵام بەهۆی کەمی مەودای توێژینەوەکەمان ئێمە زۆر بە کورتی تەنیا چەند دێڕێک دەکەین بە نموونە؛

### ٢. ٢. ١. دەرکەوتنی دەنگی شاعیر:

وەک لە بەشێکی دەقەکەدا دەڵێت:

**زەریا وەک من ناسوتێ**
**وەک من خەمی سەفەری نییە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٩)

لە دێڕی یەکەم و دووەمدا شاعیر جێناوی (**من**)ی بەکاربردوە، کە ئەمەش دەنگی شاعیرە و شاعیر وەک ئەوەی قسە بۆ کەسێک بکات دێڕەکانی دەربڕیوە. کە جۆرێک لە دەردە دڵی لە نێو دەقەکەدا هەیە و شاعیر باس لە خەمی گەورەی خۆی و هەمیشە ئاوارەبوونی خۆی دەکات. یان دەڵێت:

**بەو تەمەنە گەیشتم،**
**ڕۆژێک تا ئێوارە قاچەکانم بەبێ خەم**
**لەبەر هەتاو ڕانەکێشا،**
**شەوێک بێ خەم تێر نەخەوتم.** (بەرزنجی،٢٠٢٣: ١٥٨)

گەر سەرنج بدەین لەو چەند دێڕەدا، لە هەریەک لە وشەکانی (گەیشتم، قاچەکانم، نەخەوتم) جێناوی لکاوی (م) دووبارەبووەتەوە کە ئەمەش وایکردووە دەنگی شاعیر زیاتر دەرکەوێت لە نێو دەقەکەدا.

## ٢. ٢. ٢. وەلانانی کێش و سەروا:

(جەلال بەرزنجی) نەک تەنیا لەو دەقەدا و لە کۆی دەقەکانی بە هەموو فۆرمەکانەوە کێش و سەروای وەلاناوە و لەم دەقەشیان وەک کۆی دەقەکانی ترە، وەک دەڵێت:

**برایەکی سەیرم هەیە،**
**من دەستم بۆ تەوقەکردن درێژ دەکەم**
**ئەو بۆ تفەنگ،**
**بەختی خۆمە برایەکی وام هەبێت.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٥)

شاعیر باس لە شەڕی براکان دەکات، کە کێشەیەکی لە مێژینە و هەمیشەیی کوردە، کورد هەمیشە بە دەستییەوە ناڵاندوویەتی و بەردەوام هۆکاری یەکەم بووە، کاتێک نەگەیشتن بە ویست و ئامانجە باڵاکان، بەڵام لە دەقەکەدا بە هیچ جۆرێک کێش و سەروای بەکارنەهێناوە، کە ئەمیش خاسیەتێکی دیکەی پەخشانە شیعرە.

یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

**دەمێکە لێرەین،** **٥برگە**
**هێشتا لە نوێژی بەیانی نەبووبووینەوە خاکیان دزین و** **١٨ برگە**
**خەواندنیان،** **٤برگە**
**کە ڕۆیشتن یارییە ئایینییەکانیان بە جێ هێشت،** **١٦ برگە**
**ئێستاش هەر ماون.** **٥برگە** (بەرزنجی،٢٠٢٣: ١٥٧)

هەمان شێوەی پارچەی پێشوو شاعیر دوورە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە کێش و سەروایەک.

## ٢. ٢. ٣. ڕیتمی ناوەوە:

ڕیتم لە ڕێی دووبارەبوونەوەوە دروست دەبێت، دووبارەبوونەوەش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

### ٢. ٢. ٣. ١. دووبارەکردنەوەی دەنگی:

وەک شاعیر لە دەقەکەدا دەڵێت:

**جاران شاعیران وانەبوون،**
**درۆیان لەگەڵ وشە نەدەکردن،**
**جوانی حورمەتی دەگرتن.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٥)

شاعیر باس لە گۆڕانی سروشتی شاعیران دەکات، کە لە ئێستادا بەهۆی دۆخە جیاجیاکانەوە درۆ لەگەڵ وشە و سروشت و جوانی دەکەن. لەم دەربڕینەشدا دەنگی (**ن**)ی (٩) جار دووبارە کردۆتەوە و دەنگی (**ا**) (٧) جار دووبارە بۆتەوە، کە ئەم دووبارەبوونەوەیە چەژە و خۆشییەک دروستدەکات لای خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا و وادەکات سات لە دوای سات چاوەڕێی دووبارەبوونەوەی دەنگەکان بێت و جۆرە ڕیتمێکی چێژ بەخشیشی بە دەقەکە داوە.

### ٢. ٢. ٣. ٢. دووبارەکردنەوەی وشە:

وەک دەڵێت:

**لەوساوە ڕیشمان لەبەر هەتاو سپی دەکەین،**
**لەوساوە بە نەزانی لە دایک دەبین و**
**بە نەزانییش دەمرین.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٧)

شاعیر لە ڕێی دووبارەکردنەوەی وشەی (**لەوساوە**) دووجار لە سەرەتای دێڕ و هەروەها دووجار وشەی (**نەزان**)یشی لە دێڕی دووەم و سێیەمدا دووبارە کردۆتەوە، بەمەش هەم ڕیتمی دروست کردووە و هەمیش جۆرێک لە ڕاگرتن و وردبوونەوە لای خوێنەر دروست دەکات و چێژی پێدەبەخشێت.

### ٢. ٢. ٣. ٣. دووبارەکردنەوەی فرێز:

وەک لە بەشێکی شیعرەکەدا دەڵێت:

**براکەم تا کەی مانگمان لە چواردە بێت بۆ کوشتار؟!**
**براکەم تا کەی ڕەونەق بدەین بە چەک و هزر نابووت بکەین.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٧)

بە دووبارە کردنەوەی فرێزی (**براکەم تا کەی**)لە سەرەتای هەردوو ڕستەکەدا، شاعیر ڕیتمێکی دروستکردووە و دووبارە لە ڕێی دووبارەکردنەوە و ڕیتم و ئاوازیەوە چێژی بە دەقەکەداوە.

### ٢. ٢. ٣. ٤. دووبارەبوونەوەی پچڕ پچڕ:

لەم جۆرەی دووبارەبوونەوەدا شاعیر (وشە یان چەند وشەیەک ، فرێز، ڕستە) لە زۆرترین شوێندا دووبارە دەکاتەوە و بە هۆیەوە چێژ بە دەقەکە دەدات. لەم پەخشانە شیعرەشدا (جەلال بەرزنجی) چەند وشەیەکی بە ڕێژەیەکی زۆر دووبارە کردۆتەوە، لەوانە: (**زەریا**)(٢٨) جار و (**براکەم**) (٩) جار دووبارە کراوەتەوە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بە ئاسانی هەست بەم دووبارەبوونەوەیە دەکات.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (٩) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق، کە دەکاتە ڕێژەی (٣.٠٣٪).**

### ٢ .٣. چیرۆکە شیعر:

ئەم فۆرمە یەکێکە لە فۆرمە کۆنەکان و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، لەم فۆرمەدا شیعر لەگەڵ پەخشان کارلێک دەکات، چونکە شاعیر لەنێو پەخشاندا سوود لە خاسیەت و بنەماکانی چیرۆک وەردەگرێت و لە دەقەکەیدا بەکاریان دێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی شیعر و چیرۆک دوو ژانری لێکجیان، بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەدەبی لە زۆر کات و شوێندا ئەم دوو ژانرە ئاوێتەی یەکتری بوون و دەقی نەمریان هێناوەتە بوون. لەوانە (مهابارتا لای هیندییەکان و ئەلیادە و ئۆدیسەی یۆنانییەکان، لای عەرەبیش چیرۆکەکانی نێو قورئانی پیرۆز و لە کوردیش مەم و زین و شیرین و خوسرەو....). لەم نموونانەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم فۆرمە سەرەتا بۆ گێڕانەوەی ئەفسانە و مێژوو بەکاردەهات. ئەمەش بەجۆرێک بووە، دەتوانرێ بگوترێت؛ ((ئەفسانە و مێژوو) باڵی بەسەر ئەم فۆرمە کێشابوو)(خدر، ٢٠٢٢: ٧٣). لەم فۆرمەدا شاعیر هەڵدەستێ بە سوودوەرگرتن لە دیارترین خاسیەتی چیرۆک و بەکارهێنانی لەنێو دەقێکی شیعریدا، کە ئەم خاسیەتەش بڕیتییە لە گێڕانەوە، کە خاسیەتەکانی گێڕانەوەش بڕیتین لە \

(کات، ڕووداو، شوێن، دیالۆگ....). لەگەڵ ئەوەی ئەم خاسیەتانەی گێڕانەوە تەنیا لە فۆرمی چیرۆکە شیعردا نین و لە (ڕۆمانە شیعر، شیعری شانۆیی..) بوونیان هەیە، بەڵام لەنێو فۆرمی چیرۆکە شیعردا چەند جیاوازییەک لە بەکارهێنانیان هەیە، کە خاڵی جیاکەرەوەیین لەگەڵ فۆرمەکانی تردا کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا بیانخەینەڕوو:

(١- ڕووداوەکان بەدوای یەکتر دەگێڕدرێنەوە و یەکتر تەواو دەکەن. ٢- هەندێ دەستەواژە زۆر بەکاردێن (لەپاشان، دوایی، لەمەودوا...) ٣- کاری سادە و کاری ناتەواوی زۆر تێدایە. ٤- کاری جوڵەیش زۆر بەکاردێت)) (خدر، ٢٠٢٢: ٧٦)

لەم فۆرمەدا هەردوو ژانری شیعر و چیرۆک زۆر تێکەڵاوی یەکتری دەبن، بەڵام لێرەدا ئەم دوو فۆرمە لەنێو یەکتردا ناتوێنەوە، شیعر بنەما و دەستووری خۆی هەیە، وەک چۆن چیرۆکیش هەیەتی. لەوانە: خاسیەتێکی دیاری شیعر بڕیتییە لە کورتی و کورتبڕی، هەرچەند چیرۆکە شیعر فۆرمێکی درێژە لەڕووی دارشتنەوە، بەڵام تیایدا هەر خاسیەتی کورتبڕییەکە ماوە و بەتەواوی خۆی بەدەستەوە نەداوە بۆ درێژدادڕی نێو چیرۆک. هەردوو ژانر سوود لە یەکتری و لە خاسیەتەکانی یەکتری وەردەگرن، بەڵام هیچیان لەناوناچن و ناتوێنەوە لەنێو ئەوەی تریاندا و پارێزگاری لە خاسیەتەکانیشیان دەکەن.

لە ئەدەبی ئەورووپیدا ((گۆتە) دەستێکی باڵای هەیە لە نووسینی ئەم چەشنە لە شیعر)(خدر، ٢٠٢٢: ٧٤)، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبییدا هەرچەند (قورئان) ئەم فۆرمەی تیادا بەدیدەکرێت، بەڵام لەڕووی نووسینەوە ئاشنای ئەم چەشنە لە فۆرم نەبوون تا دەرکەوتنی شاعیرانی تاراوگە، لە ئەدەبی کوردیشدا سەرەتای دەرکەوتنی ئەم فۆرمە لە ئەدەبی هاوچەرخماندا دەگەڕێنینەوە بۆ (شێرکۆ بێکەس).

لەم دیدگەیەوە (جەلال بەرزنجی) خودان چەند چیرۆکە شیعرێکە لەوانە: (**بەیانییەکی نادیار، زستان وەرزی خەمانە، گۆرانییەک لە تاریکی،....**)، ئەگەر لە چیرۆکە شیعریی (**زستان وەرزی خەمانە**) ڕابمێنین، دەڵێت:

**برادەر**
**لە بیرمە شەوان لە کاتی سەعیکردن،**
**لەبەر گڵۆپی دارتەلەکەی نزیک ماڵەوەمان،**
**حەزم دەکرد دەفتەر ڕسمەکەم دەربێنم**
**ڕەسمی خۆرێکی نیوە عاسێبوو لە چیا**
**کە مامۆستای ڕەسم لە پۆلی دووەمی سەرەتایی**
**فێری کردبووم**
**بە قەڵەم ڕەنگە کورتەکەم ڕەسمی بکەم.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٥٢)

وەک دەبینین؛ دەقەکە ڕاستەوخۆ بە وشەی (برادەر) دەستی پێکردووە، کە شێوەی (بانگکردن)ە، ئەمەش شێوازێکی گفتوگۆ ئامێزی دروستکردووە، کات لە دەقەکەدا دیاریکراوە؛ کە (شەوان)ە. ئاماژەی بە شوێن داوە؛ کە شوێنێکی نزیک ماڵی خۆیانە. (وەسف)یش لە دەقەکەدا هەیە و شاعیر وەسفی شێوەی خۆرەکە دەکات، کە هێشتا لە پشتی چیاکەوە هەڵنەهاتووە. (ڕووداو)ی نێو دەقەکەش ویستی شاعیرە بۆ وێنەکێشان لە کاتی خوێندنا. کۆی دەقەکەش بە تەواوی شێوەیەکی گێڕانەوەی تێدایە، شاعیر لەڕێی بەکارهێنانی یادەوەرییەکانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و دەیەوێت ئەم ڕابردووە بیری هاوڕێیەکی بخاتەوە. یان لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێت:

**دەبێ لەبەر گندۆرە ئاوییەکانی**
**لە دەرەوە هێنراونەتە بازاڕی سەوزە فرۆشان لە**
**شێخەڵڵا**
**بێستانێکی گندۆرەی دێمی مابێت؟!**
**تا ترومبێلەکەمان لا دەینە لا ڕێ و**
**بچینە ناوی و گندۆرەیەکی مزر شەق بکەین و**
**لەسەر بەردێکی بەر هەتاو دابنیین و**
**لە گەڕانەوەمان بیخۆین.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٥٥)

شاعیر ئاماژەی بە چەند شوێنێک کردووە، لەوانە: (دەرەوەی وڵات، بازاڕی سەوزەفرۆشانی شێخەڵڵا، بێستانی گندۆرە، لا ڕێ، سەر بەردێک). جگە لەوە هێمای خاڵبەندی و نیشانەی (پرسیار و سەرسوڕمان)ی بەکاربردووە، کە وا دەردەکەوێت گفتوگۆ بکات و گفتوگۆش لەگەڵ کارەکتەر دەکرێت، واتا کارەکتەریش لە نێو دەقەکەدا هەیە. کات کاتی گەڕانەوەیانە لە گەشت. وەسفی گندۆرەکانی کردووە بەوەی، کە (مزر)ن. ڕووداوی دەقەکەش خواردنی گندۆرەیە لە لاڕێدا. وە لە دەقەکەشدا شاعیر لە ڕێی وەسفکردنی ئەوەی لە ڕابردوو هەبووە داهاتوو باسدەکات و دەیەوێ دووبارە تاقییان بکاتەوە.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (١٠) جار ئەم فۆڕمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق، کە دەکاتە ڕێژەی (٣.٣٦٪).**

### ٢. ٤. شیعری شانۆیی:

زاراوەی ئەم فۆڕمەش لە زمانی ئینگلیزیی وەرگیراوە، کە (poetry dramatic) بەکاردەهێنرێت. مەبەست لە شیعری شانۆیی؛ نوسینی شانۆیە بەپێی بنەمای شیعر و لەڕێی شیعر و زمانی شیعرییەوە. لەڕووی مێژووییەوە ئەم فۆڕمە لە دێرینترین فۆڕمەکانە، واتە (شیعری شانۆیی لە ئەدەبیاتی جیهانییدا وەک ژانرێکی گرنگ دەستپێکی ژانرەکانە)(مستەفا-ساڵح، ٢٠٢٣: ٢٥٥)، سەرەتا ئەم فۆڕمە لای یۆنانییە کۆنەکان سەریهەڵداوە و تایبەت بوو بە بۆنە ئایینییەکان، بۆیە لە پەرستگاکاندا و لە جەژن و مەراسیمە تایبەتییەکاندا بە سەما و مۆسیقاوە پێشکەشدەکران، پاشان وڵاتانی ئەورووپی بە بەردەوامی پەرەیان بەم فۆڕمەدا، چەندین شاعیری گەورە دەرکەوتن، وەک (ویلیەم شکسپیر)، بەڵام ئەمانە دروست وەک ئەوەی یۆنانییەکان نەیاندەنووسی، بەڵکو شێوە نووسینەکەیان لە بری شیعری کێش و سەروادار زیاتر بەلای شێوەی پەخشانە شیعردا دەچوون. ئەمە تا سەدەی (١٧) و دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپا بەردەوام بوو، چونکە گۆڕانکارییەکانی ئەم شۆڕشە جگە لە لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، (گۆڕانکاری ئەدەبیشی گرتەوە و شانۆ بۆ گونجان لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا پەنای بۆ پەخشان برد)(عەولا، ٢٠١١: ٨٥). ئەمە بەردەوام بوو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، هەرچەندە هەوڵی شاعیران لە سەدەکانی (١٨ و ١٩) بۆ هێنانەوە مەیدانی فۆڕمەکە، بەتەواوی شکستی هێنا. وەکو هەوڵەکانی (ئیلیۆت و کریستۆڤەر فرای) و بەتایبەتیش (ئیلیۆت)، کە هەوڵی جدییان دا بۆ هێنانەوەی فۆڕمەکە بۆ نێو دنیای ئەدەب، (ئیلیۆت) لە وتارەکانییدا لە بارەی فۆڕمەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، (شیعر لە پەخشان

باشـترە بۆ شـانۆ، چارەسـەری دەخسـتەڕوو بۆ کێشـەکانی شـیعری شـانۆیی هاوچەرخ)(عەولا، ٢٠١١: ٨٥)، دواتر بەرە بەرە فۆڕمەکە بووژایەوە و لەنێو گەلانی دنیادا بڵاوبوویەوە.

دەرکەوتنی ئەم فۆڕمە لە ئەدەبی کوردییدا بۆ سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم و لەڕێی ئاشـنابوون بە ئەدەبی تورکی بە تایبەتی و ئاشنابوون بە ئەدەبی ئەوروپییەوە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی (لەساڵی ١٩١٩ لە ئەستەنبوڵ، لەلایەن –عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری- یەکەم تێکسـتی شـانۆیی نووسـراوە)(پیربال، ٢٠٠٢: ١٠٨)، پاشـان لە قۆناغی هاوچەرخدا دەکرێ بگووترێت؛ یەکەم دەقی شیعریی شانۆیی (شێرکۆ بێکەس) نووسیوویەتی، لە ساڵی (١٩٧١) بەناوی (کاوەی ئاسنگەر) بڵاویکردۆتەوە. هەر (شێرکۆ بێکەس)یش لەڕووی خاسیەتەوە، چەند خاسیەتێکمان بۆ ئەم فۆڕمە بۆ دیاردەکات و دەڵێت، پەیڕەوکردنی چەند خاڵێک لە شیعری شانۆییدا پێویستییە لەوانە:

(( ١- ئاوێتەکردنی هەردوو هونەری شیعر و دراما.

٢- شیعر دەبێتە جڵەوگیری ڕەوتی دراما.

٣- شیعر لە خزمەتی ململانێی ناو شانۆکەدەبێ نەک بە پێچەوانەوە.

٤- قەسیدەیەکی درێژ نەبێت و شاعیر بەسەر کەسانی نێو شانۆنامەکەیدا دابەشی کردبێ.

٥- بینەر هەست نەکات شیعری بۆ ئەخوێندرێتەوە....)) (عومەر، ٢٠٠١: ٣٦)

لەم دیدگەیەوە لە کۆی دەقەکانی (جەلال بەرزنجی)ییدا تەنیا یەک دەقی شـیعری شـانۆیی تێدایە، ئەویش دەقی (**عەشـقێکی تر**)ە. کە شـاعیر دوو کەسـایەتیی سـەرەکی لە نێو دەقەکەدا بەکارهێناوە و (دیالۆگ)ی لە نێوانیان دروسـتکردووە، ئەوانیش: (**ئەسـتی، فەرخ**)ن، لە ڕووی پێکهاتەوە دەقەکە بەسـەر (کارەکتەر)ەکان دابەشـکراوە، جگە لەوەش (یەکێتی بابەت- ئەڤین)ی پاراسـتووە و (ڕووداو)ەکان بەدوای یەکداهاتوون، جگە لەوەش کۆمەڵە کارەکتەرێکی لاوەکی وەک (کۆرس) لە دەقەکەدا مەزراندووە، وەک لە سەرەتای دەقەکەدا هاتووە:

ئەستی:
خودایە بەفرێکی وا بباریَ ماڵ لە ماڵ نەکات
هەرچی خێڵەسات هەیە،
بۆ کوێستان ڕێ بڕ نەکات
**چونکە نـاهێڵن فەرخیشـمـان لەگەڵدا بێت.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٢)

(ئەسـتی) یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو دەقەکەیە و خۆشـەویسـتی (فەرخ)ە، نزا دەکات و داوا لە خودا دەکات، کە بەفرێکی زۆر ببارێت و ڕێگاکانی ڕۆشتنی خۆشەویستەکەی بگیرێن و خۆشەویستەکەی-(فەرخ)، لێی دوورنەکەوێتەوە.

لە وەڵامدا (فەرخ) دەڵێت:

فەرخ:
خۆپەرستین
لە ڕێی ئەو عەشقە پیرۆزە خۆپەرستین
شوێن کۆچ هەڵدەگرم.
چۆن شوان لە دەمەدەمی خۆرئاوا،
دوا گەلی بەجێ دێڵێ و
لە بنار دەکاتەوە،
**بە هەوارت دەکەومەوە!** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٢)

(فەرخ) وەڵامی ویست و ئارەزووەکەی (ئەستی) دەداتەوە، کە بەهۆی عەشقییەوە هەموو ئەو نارەحەتییانەی وەلاناوە، کە ڕێگا گرتن و سەرما و بەفر بۆ خەڵکی دەهێنن، تەنیا خۆی و حەز و ویستی خۆی لەبەرچاوە و بۆ خاتری خۆشەویستەکەی نزای هاتنی نارەحەتی بۆ مرۆڤەکانی تر دەکات، دڵنیاییشی پێدەدات گەر بشڕوات ئەوا هەر دەگەڕێتەوە لای، وەک چۆن شوان دەمە و ئێواران بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە.

دواتر لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا (ئەستی) لە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی (فەرخ) و بەردەوام دەبێت؛

ئەستی:

**"ئەگەر تەم بێت بەفر خاک بگرێ**
**پووش و** پەڵاشیش **دیار نەبێت**
**تووشی ڕەوە گورگێکی** سپی **بوویت**
**لە ڕێی ئەو کۆچەتدا دەمریت".** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: 73)

وەک دیارە (ئەستی) بۆ هێشتنەوەی (فەرخ) هەوڵدەدات ترسێکی لا دروست بکات، بۆیە پێی دەڵێت؛ گەر بە تەنیا بڕۆیت، ڕەنگە تووشی مەترسی ببیتەوە، لەبەر ئەوەش داوا دەکات لای بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بێت و بە سەلامەتی بیهێڵێتەوە.

دواتر کارەکتەرە لاوەکییەکان، کە ڕۆڵی (کۆرس) دەگێڕن و ئاگاداری ڕووداو و گفتوگۆکانن و هاودەمی هەردووکیانن، تاوناتاوێ و وەک پێویستییەکی شانۆیی لە هەندێک شوێنکدا بوونییان، وەک لێرەدا وەڵامی (ئەستی) دەدەنەوە دەڵێن:

کۆرس:

**"نە تۆ بێ ئەو دەمریت**
**نە ئەویش بێ تۆ".** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٣)

(کۆرس- کارەکتەرە لاوەکییەکان) بە (ئەستی) دەڵێن: کە ترسی بێ بنەما لای (فەرخ) دروست نەکات بۆ خاتری ویست و حەزی خۆی. کەسیان بێ ئەوی تریان کارەساتی وا گەورەیان بەسەر نایەت و نامرن لە دووری یەکتری.

لە شوێنێکی تردا شاعیر دیمەنێک دەخاتە نێو دەقەکە،وەک دوای ئەوەی (ئەستی) بەردەوامی بە هەوڵدانەکانی دەدات، ئەوا (فەرخ) چاوەڕێی قسەکانی ناکات و بەڕێدەکەوێت، شاعیر لە دروستکردنی وێنەکەدا دەڵێت:

**فەرخ ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٣)

دوای ئەمەش کۆتایی بە دەقەکە دێت، کە (ئەستی) مل دەداتە بەر ویست و خواستی (فەرخ) و لەگەڵی دەڕوات بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بەو شوێنەی دەیەوێت و پێی دەڵێت:

ئەستی:

**"هەی ماڵوێران بوەستە تا** دەتگەمێ
**بۆ کوێ دەڵێی پێکەوە دەڕۆین"** . (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٧٣)

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (١) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق ، کە دەکاتە ڕێژەی (٠.٣٣٪).**

### ٢. ٥. کورتیلە شیعر:

بەرانبەر زاراوەی ئەم فۆڕمە لە زمانی عەرەبیدا (القصیدة القصیرة جدا) بەکارهێنراوە، لە نێو شاعیرانی کوردیشدا دوای سەرهەڵدانی فۆڕمەکە بە شێوە هاوچەرخەکەی و لە ساڵانی حەفتاکاندا چەند زاراوەیەکی وەک (کورتیلە شیعر، کۆپلە شیعر، کورتە شیعر، پارچە شیعر...) بۆ بەکارهاتووە.

لەڕووی مێژووییەوە بنچینەی ئەم فۆڕمە لە ئەدەبی کوردییدا مێژوویەکی لە مێژینەی هەیە، وەک لە ئەدەبی کلاسیکدا فۆڕمەکانی (دووبەیت و فەرد و چوارین) هەن، کە نزیک لە شێوەی ئەم فۆڕمەن، بۆیە دەگووترێت؛ فۆڕمی کورتیلە شیعر (پەرەپێدان و پێشکەوتنێکی گەورەی چوارینە)(ئاشنا، ٢٠٠٧: ٨٩)یە، جگە لەوانەش لە شیعری کلاسیکدا هەموو دێڕێک لە نێو شیعرێکدا مانای تەواو و سەربەخۆی خۆی دەدات و ئەگەر لەنێو شیعرەکە دەریکەین کێشەی واتایی نابێت و دەبێت بە کورتیلە شیعرێک، بەڵام ئەم فۆڕمە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، وەک لە ناوەکەیدا دیارە یەکێکە لە فۆڕمە کورتەکان، بەڵام مەرج نییە دەقەکە لە ڕووی داڕشتنەوە تەنیا لە دێڕێک یان کەمتر و زیاتر پێکبێت، بەڵکو گرنگی لەوەدایە؛ کەمترین زیاد گوتنی وشە هەبێت و زمانێکی چڕی تێدا بەکارهاتبێت.

لەم فۆڕمەدا شاعیر هەوڵ و توانای خۆی دەخاتەگەڕ تاکو بە کەمترین گوتن زۆرترین مانا بدات و لە نێو فۆڕم و ڕووبەرێکی کەمدا هەم ویستی خۆی و هەمیش زۆرترین خاسیەتی شیعری جێ بکاتەوە، لە ڕووی زمانەوە زمانێکی چڕ و پوخت بەکاردەهێنرێت، نابێت زمان هێندە سادەبێتەوە، کە دەقەکە شێوەی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ...) بدات، بەڵکو گرنگە (زمانێکی چڕ و پڕ لە پێچ و پەنا بێت بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لە گێڕانەوەیەک ڕووت)(مەحمود، ٢٠٢٢: ٤٢)، بێگومان ئەمەش دەبێبە خاڵی جیاکەرەوەی شاعیر لەڕووی لێهاتوویی و تواناوە، چونکە زەحمەتە هەموو شاعیرێک بتوانێت لە ڕووبەرێکی وا بچووکدا ئەم هەموو چڕییە جێکاتەوە. لەلایەکی دیکە وەک دەزانرێت؛ ناونیشان لە دەقدا بایەخی خۆی هەیە و (وەکو نیشانەیەکی سیمۆلۆژی دەکەوێتە سەرووی دەقەوە، وشە و ڕستە یان و هێمان، وەک ڕێبەرێک یارمەتی خوێنەر دەدات لە دۆزینەوەی واتا شاراوەکانی دەق...) (بکر، خالد، 2021 :206)، کەچی لەم جۆرە فۆڕمەدا زۆرجار دەقەکان (بێ ناونیشان)ن، ئەمەش پێویستی بە خوێنەرێکی باڵایە تا ڕووبچێتە ناو دەقەکەو لە پەیامەکەی تێبگات، وەک لەم چەند دەقدا هەن:

کە ڕێگاکان  
بەرەو ماڵەوە بچنەوە،  
ئیتر نازانم  
**ئەو سەفەرە دوور و درێژەم بۆ کرد؟!** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٠٢)

وەک ئاشکرایە شاعیر بە چەند دێڕێکی کەم باس لەوە دەکات، کە مرۆڤ چەندی لە ماڵ یان نیشتیمانی دووركەوێتەوە، بەڵام ناتوانێ بۆ هەمیشە لێی دووربێت و لە ساتێکدا هەر ڕێگاكانی سەفەر و دووركەوتنەوەی، بەرەو ماڵ و نیشتیمانەکەی ڕاپێچی دەکەن.یان دەڵێت:

**حەز ناکەم**  
**لە** کۆشکێکدا،  
پاشایەتی،  
**تەنیاییم پیس کات.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٠٦)

شاعیر بە شێوەیەکی کورت و پوخت و دوور لە بەکارهێنانی وشە و ڕستەی زۆر، باس لەوە دەکات کە ئەو تەنیاییەی ئەو تێیدایە زۆر لای گرنگترە لە ژیانکردن لە کۆشکدا و لە بوون بە پادشا، وە حەزیش بەو پادشابوونە ناکات نەبادا تەنیاییەکەی لێ بشێوێنێت. هەروەها لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

مانگ لە دیوێکی شاخ دەدات
دیوەکەی تری
هێشتا ئەوەی نەسەلماندووە.
**ئاوایە خۆشەویستی زۆر جار تاڵە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢١٥)

شاعیر لێرەدا ئاماژە بە شەڕی نێوان (دڵ و عەقڵ) دەدات، زۆر جاران مرۆڤ لە خۆشەویستیدا تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، کە دڵ کەسێکی خۆشدەوێت و عەقڵ ڕێگری و نکوڵی لەو خۆشەویستییە دەکات. بەڵام ئەمەی بە زمانێکی تا ڕادەیەک ئاڵۆز نووسیووە و وێنەی جیاوازی بەکارهێناوە و لە مەودایەکی زۆر کورتیشدا مەبەستەکەی دەربڕیووە.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (٨٢) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق ، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧.٦٪).**

**٢. ٦. پۆستەرە شیعر:**

هەڵبەت بەهۆی لێکچوونی لەگەڵ ((کورتیلە شیعر)، زۆرێک لە شاعیر و لێکۆڵەرانی ئەدەبی بۆ هەردوو فۆرمی (کورتیلە شیعر) و (پۆستەرە شیعر) هەمان زاراوە بەکاردێنن، ئەگەرچی لێکچوونی زۆر لەنێوان ئەم دوو فۆرمەدا هەیە، بەتایبەت لەڕووی دارشتنەوە، بەڵام جیاوازیشیان لە نێوانیاندا هەیە، کەسی شیعرناس بە ئاسانی دەتوانێ لە ڕێی مانا و خاسیەتەوە جیایان بکاتەوە، بەتایبەتی لەڕێگەی زمان، چونکە زمانی (پۆستەرە شیعر) بە بەراورد لەگەڵ زمانی (کورتیلە شیعر)، زمانێکی سادە و ڕەوانە، بەجۆرێک زۆر جاران زمانی شیعرەکە نزیک دەبێتەوە لە زمانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و فۆرمی پەندە شیعر، کە لە پێشوودا بەکارهێنراوە. فۆرمی پۆستەرە شیعر فۆرمێکی کورتە، بەڵام مەرج نییە هەمیشەش وابێت، واتە پۆستەرە شیعر (بە دێڕێکی دیاریکراوەوە ناوەستێ، گرنگ کورتی حاڵەتەکەیە، بەڵام هەندێ کات ئەم حاڵەتە وێنەی زیاتر و دیمەنی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دێنێ، کە وادەکات دێڕەکانیش زیاد ببن)(کەسنەزانی، ٢٠٠٧: ٣٥) واتا بەپێی پێویستی ئاساییە فۆرمەکە تا ئاستێک درێژیش ببێتەوە، بەڵام نەک بە شێوەیەک کە بەتەواوی کورتییێتی فۆرمەکە ون ببێت.

ئەم فۆرمە لای (جەلال بەرزنجی) بە شێوەیەکی کەمتر بەکاربراوە، بەڵام تاک و تەرا لە نێو دەقەکانیدا لەم جۆرە فۆرمە بەدیدەکرێت. بۆ نموونە لە دەقێکدا دەڵێت:

یادەوەرییەکانت دیواری بڵندی
زیندان دەبڕن،
تا شوێنە لە گۆڕ تەنگترەکەم
**ببنە هاودەنگم.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٣٠٨-٣٠٩)

شاعیر بە زمانێکی سادە و لە ڕووبەرێکی کورتدا مەبەستەکەی دەربڕیووە، کە هەردوو تەکنیکەکەشی خاسیەتی پۆستەرە شیعرن، کە لە دەقەکەدا ئاماژە بەوە دەکات یادەوەرییەکان لە مرۆڤ جیاناکرێنەوە و یادەوەرییەکان لەگەڵ مرۆڤەکاندا تێلبەند و زنجیر و سنوورەکان دەبڕن و لێیان جیانابنەوە.

لە دەقێکی دیکەدا بەناوی (دوا دیاری)شاعیر دەڵێت:

**لە یادی ساڵڕۆژی پەنجا** و پێنجەمینی
لە دایکبوونمدا،
ژنەکەم گوچانێکی داری **بە دیاری بۆ هێنام**
**دیارە بۆ بەهێزی نییە ،بۆ بێهێزییە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٤١)

شاعیر بە زمانێکی زۆر سادە و لە فۆرمێکی کورتدا ئاماژە بە تەمەنی خۆی دەکات، کە ڕوو لە ئاوابوون و پیربوونە، لە ساڵڕۆژی بوونییدا هاوسەرەکەی گۆچانی وەکو دیاری بۆ هێناوە، وەک دیارە لە کلتووری کوردی و پیاو سالارییدا لە زۆربەی بارەکاندا پیاو گۆچانی بەدەستەوە بووە و لە زۆر کاتیشدا کردوویەتی بە کەرەستەیەک بۆ توندوتیژی دژی هاوسەر و منداڵەکانی، واتا گۆچان هێمایەک بووە بۆ هێز و دەسەڵات، بەڵام کاتێک شاعیر لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئەم دیارییە وەردەگرێت ئەمە بۆ یارمەتی دانییەتی لە کاتی بێهێزی و لاوازبوونی دا، نەک بۆ بەکارهێنانی بۆ توندوتیژی دژی کەسەکانی دەوروبەری. یان لە دەقێکی دی دەڵێت:

جاران بە کەڵە گیای دەم پەڕەسێلکە
دەمانزانی بەهارە،
لێرە
ئێستا
بە چەپکە نێرگزی
**دەست منداڵە ئاوارەکانی سەر شەقام.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٣١٥)

شاعیر بە زمانێکی سادە و دوور لە ئاڵۆزی باس لەوە دەکات، کە نەهامەتییەکان سروشتییان گۆڕیووە، گەر جاران لە ڕێی پەڕەسێلکەوە مژدەی هاتنی بەهارمان وەردەگرت، بەڵام لە ئێستادا منداڵی ئاوارەبوو لەدەست ستەم و نادادی و نا ئارامی ژیان، ئەمەمان پێدەڵێن، کاتێک لە تاو هەژاری و بۆ بژێوی ژیانیان لەسەر شەقامەکان بڵاوبوونەتەوە و خەریکی چەپکە گوڵی نێرگز فرۆشتنن.

- **بە گشتی (جەلال بەرزنجی) (٣٥) جار ئەم فۆڕمەی بەکارهێناوە لە کۆی (٢٩٧) دەقدا، کە دەکاتە ڕێژەی (١١.٧٪).**

### ٢. ٧. هایکۆ:

هایکۆ لە بنەڕەتەوە (فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە و لە دەستپێکی فۆڕمی تانکا و ڕینگا جیابۆتەوە)(نۆڕێ، ٢٠١٩: ١٧)، وەک دەزانرێت لە پێشوودا لای ژاپۆنییەکان دوو جۆرە فۆرمی باو هەبوون، کە تانکا و چونکایان پێ دەوت و (تانکا شیعری کورت و چونکە مانای شیعری درێژی ئەگەیاند)(کەسنەزانی، ٢٠٠٧: ٤٠)، کە لە نێوان دوو شاعیر دەنووسرا و زیاتر لە شێوەی پرسیار و وەڵام یان جۆریک پێشبڕکێ دابوو، کە دوو شاعیر هەر یەکە و بەشێکی دەنووسی، واتە (شاعیرەکان بە شێوەی پرسیار و وەڵام دەیانهۆنییەوە، بەشی یەکەمی لە ١٧ برگە و بەشی دووەمی لە ١٤ برگە پێکدەهات)(زاهیر، ٢٠٢٠).
گرنگی ئەم فۆرمەش لەوەدابوو، کە تەنیا کەسێک لەنێو دەقەکەدا زاڵ نەبوو، بەڵکو دوو کەس بەیەکەوە بیری خۆیان تێکەڵاوی یەکتر دەکرد و دەیانگەیاندە وەرگر.

فۆڕمی شیعری هایکۆ کە شێوە کلاسیکیەکەی بە کورتترین فۆڕمی شیعری دنیا دادەنرێت، لە ژاپۆنەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا پەڕییەوە و بەنێو گەلاندا بڵاوبوویەوە. بەڵام بەهۆی جیاوازی سیستمی فۆنەتیک و دەنگ و برگەکردن لەنێوان زمانە جیاجیاکانی جیهاندا وایکرد گۆڕانکاری جەوهەری بەسەر هایکۆدا بێت، چونکە لە بنەڕەتدا (ژمارەی برگەکان ١٧ برگەن).
لە کوردیشدا (ملکۆ محەمەد) کاتێک باس لە سەرهەڵدانی فۆڕمی هایکۆ دەکات و دەڵێت: (م. لەتیف هەڵمەت... یەکەم کەس بووە زاراوەی هایکۆی خزاندۆتە نێو پانتایی ئەدەبی کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی نووسەر(کازم سەعدەدین) لە ساڵی ١٩٨٣ (نۆڕێ، ٢٠١٩: ٣٧)، دواتر خۆیشی (لەتیف هەڵمەت) هایکۆی نووسیوە، بەڵام گرنگی

پێنەدراوە و کەس لە بایەخی باسەکە نەگەشتووە، ئەگەرچی هەوڵی تاک و تەرا بۆ نووسین و قسەکردن لەسەر ئەم فۆرمە هەبوون، بەڵام کەمبوون و لە نەوەدەکان و سەرەتای دووهەزارەکانیش بەم چەشنە سستییە بەردەوام بوو.

لەڕووی ئەدگار و و تایبەتمەندییەوە هایکۆ چەند خاسیەت و یاسایەکی جیاکەرەوەی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەم یاسایانەش بەپێی تێپەڕینی زەمەن و چوونە نێو میللەتە جیاکانەوە گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشێک لە یاساکانی خۆی هەر پاراستووە. ئەو یاسا و دەستورانەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت باسی بکەین، یاسا و دەستوورە کلاسیکی و بچینەییەکانی هایکۆن. یەکێک لەوانە؛ زمانەکەیەتی؛ فۆرمی هایکۆ زمانێک بەکاردەبات تا ڕادەیەک ئاڵۆزی و لێڵی تێدایە.
یەکێکی دی لە خاسیەتەکانی هایکۆ بەکارهێنانی (وەرزە وشەکان)ە، لە پێشوودا هایکۆ وەک باسمان کرد لە شێوەی پرسیار و وەڵامدانەوە بوو لە نێوان شاعیران، کاتێکیش کە دەستیان بە پێشبڕکێکە دەکرد، بەم وشانە دەستیان پێدەکرد، کە تایبەت بوون بە وەرزەکان، وەک: (بەفر، گوڵ، وەرین...). لەڕووی وێنەوە پێویستە تەنیا وێنەی بینراو بەکاربهێندرێت، بەڵام ئەمە لە ئێستادا کاڵبووەتەوە و وێنەی هزرییش بەکاردێت، تایبەتمەندییەکی دیکە پێویستە شاعیر بابەتەکانی باسی ڕۆژبن و هەنووکەیی بن. لەلایەکی دیکە غافڵگیرکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئەم فۆرمە -هایکۆ، بە تایبەت لە هایکۆی کلاسیکیدا شاعیر لە دێڕی یەکەم و دووەم شتانێک پیشاندەدات و لە دێڕی سێیەمدا وەڵامێکی کتوپڕی دەداتێ، کە چاوەڕوانی ئەم وەڵامە ناکات؛ (قورسایی هایکۆ لە دێڕی سێیەمدایە)(کەسنەزانی، ٢٠٠٧: ٨٣)، بێگومان قورساییەکەش لە غافڵگیرکردنەکەیە، بەڵام ئەم غافڵگیرکردن و قورسایی دێڕی سێیەمەش تا ڕاددەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک زۆرجار شاعیر قورسایی و غافڵگیرکردنەکە دەخاتە دێڕی یەکەم، یان هەر دەریناخات.
لەم ڕوانگەیەوە فۆرمی هایکۆ یەکێکی دیکەیە لەو فۆرمە کورت و تازەکانی نێو دنیای ئەدەب و شیعری هاوچەرخی کوردیی، وەک لەم دەقانەی (جەلال بەرزنجی)یدا بەدیار دەکەوێت:

چیتر نامەم بە شەماڵدا

بۆ نەهات.

کۆتایی خۆشەویستییە. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٩٩)

لە ڕووی بابەتەوە شاعیر سوودی لە بابەتێکی تا ڕادەیەک کۆن وەرگرتووە، کاتێک ئاماژە بە ناردنی نامە دەدات بە بای شەماڵ، چونکە زیاتر لە کۆندا و لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا سوود لەم وێنە شیعرییانە وەرگیراوە، بەڵام لەم دەقەدا بە پێچەوانەی ئەوەی لە پێشوو هەبووە، شاعیر وای پیشانداوە، کە ئیدی نامە ناگات و ئەمەشی وەک ئاماژەیەک نیشانداوە، کە خۆشەویستییەکەی کۆتایی هاتووە. بۆ بنیاتی هونەرییشەوە سوودی لە فۆرمی هایکۆ وەرگرتووە، بەجۆرێک لە دێڕی یەکەم و دووەم ئاماژە بە وێنەیەک دەکات و لە دێڕی سێیەمدا خوێنەر تووشی جۆرێک لە غافڵگیرکردن دەکات، بەوەی هۆیەکی چاوەڕواننەکراو پیشاندەدات، کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی دێڕی یەکەم و دووەم چاوەڕێی نەدەکرد. لە دەقێکی تردا دەڵێت:

مرۆڤایەتی،

**ناوی نهێنی خوداوەندە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٠٠)

شاعیر بیر و ڕای خۆی دەربارەی خوداوەند خستۆتەڕوو و ئاماژە بەوە دەدات، کە خوداوەند هەموو ئەوەی لە مرۆڤەکانی دەوێ ئاشتی و تەبایی و مرۆڤبوونە، وە گرنگی دانیش بە مرۆڤایەتی ویست و داوایەتی لە مرۆڤەکان، مرۆڤایەتیشی وەک ناوە نهێنییەکەی خوداوەند ئاماژە پێکردووە، بەڵام لەم دەقەدا شاعیر قورسایی و غافڵگیرکردنەکەی خستووەتە دێڕی یەکەمەوە لە بری دێڕی سێیەم یان کۆتایی. هەوەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

مانگ

**لە شاخانەوە زۆر** نەوییە،

**نازانم بۆ دەستی لێنادەم؟!** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢١٥)

کاتێک لەم دەقە ورد دەبیتەوە دەبینیت، کە دێڕی دووەم و سێیەم دەتوانرێت وەک پرسیارێک بەکاربهێندرێت، کە دێڕی یەکەم وەڵامەکەی بێت، یان دێڕی یەکەم وەڵامێکی غافڵگیرانەیە بۆ دێڕی دووەم و سێیەم، بەمەش گەرچی شاعیر فۆرمی هایکۆی بەکارهێناوە، بەڵام دیسان گۆڕانێکی تێداکردووە؛ بەوەی قورسایی و غافڵگیرکردنەکەی خستۆتە دێڕی یەکەمەوە، واتا دەتوانین بڵێین: ڕێک فۆرمی هایکۆی سەراوژێر کردووە، چونکە لە زۆرینەی کاتەکاندا و بەتایبەت لە هایکۆی کلاسیکییدا، ئەم قورسایی و غافڵگیرکردنە دەکەوێتە دێڕی سێیەم یان کۆتایی.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (٥) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق ، کە دەکاتە ڕێژەی (١.٦٨٪).**

**٢. ٨. ڕستە شیعر:**

فۆرمی ڕستە شیعر، شێواز و شێوەیەکی دیکەیە لە شێوەکانی کورتیلە شیعر (...کورتی و چڕی زمان و ئەدگاری دیاری ئەم شێوازەیە)(خدر، ٢٠٢٢: ٢٢٧)، شاعیر هەوڵدەدات کۆی هزر و مەبەستەکانی بە زمانێکی چڕ و پوخت لە دێڕێکدا بخاتەڕوو، واتە لەم فۆرمەدا شاعیر هەموو هەوڵی بۆ گەیاندنی بیرۆکەیە و لە سەرەکیترین و لەپێشترین ویستییەتی، تەنانەت لەو شێوە دەقەدا بیرۆکە بە جۆرێک گرنگە، کە مەسەلەی ڕیتم و مۆسیقا و هەتا وێنەی شیعریش وەلاوە دەنێت، بۆیە ئەم مەبەستەش هەندێجار لە ئاڵۆزی دەق و زمانی شیعریش دووردەکەوێتەوە و دەقەکە وەکو قسەی نەستەق و پەندی پێشینان دێتە پێشچاو، هەندێکجاریش بیرۆکەکانی لەچەند وشەیەکدا چڕ دەکاتەوە و بەشێوەیەکی شارەزایانە دەست لە بەکارهێنانی وشە دەپارێزێت، دەقەکە وەک مەتەڵی لیدێت، وا لە خوێنەر دەکات بیری لێ بکاتەوە و بەدوای وەڵامدا بگەڕێت، زۆرجاریش ئەوەندە بەنێو پرسیار و مانای دەقەکەدا ڕۆدەچێت، خۆی دەبێتە بەشێک لە خولقێنەری دەقەکە.

ئەم فۆرمە لە ئەدەبی کوردییدا لە دوای ڕاپەڕین پەیدا بوو، بەتایبەت، کە (سەباح ڕەنجدەر) بۆ یەکەمجار ڕستە شیعری بڵاوکردەوە لە ساڵی (١٩٩٣)دا لە گۆڤاری (کاروان). دوای ئەمیش کەم و زۆر بەردەوام بوو ئەم چەشنە نووسینە، بەڵام شوێنێکی زۆری نەگرت و نەبوو بە یەکێک لە فۆرمە دیار و چەسپاوەکان، بۆیە ئەگەر لە دەقەکانی (جەلال بەرزنجی) ڕابمێنین، دەبینیین ئەم جۆرە فۆرمە یەکێکە لەو فۆرمانەی زۆر بەکارهاتوون، وەک لەم دەقانەدا بەرچاو دەکەوێت:

**لە هەرکوێ گوڵت بینی**

**بۆی بوەستە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٩٩)

شاعیر بە شێوەیەکی کورت و بە ڕستەیەک مەبەستی خۆی دەربڕیوە و دەڵێت؛ لە هەرکوێیەک گوڵت بینی و لە هەر کوێیەک هەر جوانییەکت بینی بە دیارییەوە بووەستە و بۆی ڕابمێنە، هیچ کات بەسەر جوانییەکامدا ڕەت مەبە. لە شوێنێکی دی دەڵێت:

**شیعرە منی لە ناو ژیاندا هێشتۆتەوە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٠٧)

لەم ڕستە شیعرەدا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، کە شیعر بۆ مانەوە لە ژیان هاوکاری بووە، چونکە کاتێک لە ژیاندا تووشی هەر ناڕەحەتییەک و سەختییەک بۆتەوە، ئەوا لە نێو شیعردا ئەم ناڕەحەتییەی هەڵڕشتووە، بۆیە گەر هەڵینەڕشتایە ئەوا بەرگەی ئەو ئازارانەی نەدەگرت. یانیش لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

**کە تۆ لێرەیت،**

**ژیان جیاوازە.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٤٩)

زۆر بە کورتی و لە دێڕێکدا شاعیر باس لەو هەستە جیاوازانە دەکات کە بوونی خۆشەویستێکی لای پێی دەبەخشێت.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (٣٩) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق ، کە دەکاتە ڕێژەی (١٣.١٣٪).**

### ٢. ٩. نانۆ:

بنەڕەتی وشـــەکە وەکوو زاراوە (بۆ وشـــەی (nanus)ی یۆنـانی، کە بە واتـای کورتەبـاڵا، یـان زۆر بچووک دێت)(مەردان،٢٠٢٣، ٦٣) دەگەڕێتەوە، پاشان زاناکانی بواری پیشەسازی سەرنجیان خستبووە سەر بچووککردنەوەی گەردیلەکانی مادده بۆ بچووکترین ئاســت، بۆ ئەم گەردیلە هەرە بچووکانەش وشـــەی نانۆیان بەکاردەهێنا و ئەمەبوو تەکنەلۆژیای (نانۆ) هاتەئاراوە، کە بۆ بوارە جیاجیاکانی (پزیشکی، سەربازی، پیشەسازی، ....) بەکاردەهات. وەک ئەوەی دیارە و باسـی لێوە کرا؛ نانۆ بۆ بچووککردنەوە و هەرە بچووکی بەکاردێت، کە ئەمەش لە ئەدەب بە گشـتی و شـیعر بە تایبەتی ڕەنگیداوەیەوە، چونکە شیعر خۆی تایبەتمەندییەکی چڕیی و کورتی تێدایە، بۆیە (نانۆ) وایکرد فۆرمێکی نوێی بەناوی (شـیعری نانۆ) بێتە بوون، ئەم فۆرمەش نوێترین فۆرم و شـێوازی شـیعری کوردییە، تیایدا دارشـتنی فۆرم لەوپەڕی کورتیدایە و زمانیش لەوپەڕی چڕی، بە واتایەکی دیکە؛ (نانۆ شـیعر هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە چڕکردووەتەوە کە بە کەمترین وشـــە زۆرترین مانا بگەیەنێت)(مەردان، ٢٠٢٣: ٦٤)، لەم فۆرمەدا زۆرترین کارکردن لەســـەر زمانە و ئەرکی زمان زۆر قورس دەبێت، بەو پێیەی پێویستە شارەزایی لە زمان لەلایەن شاعیرەوە لە ترۆپک بێت، چۆن زاناکان لە نێو زانســت و ماددەکاندا، ۆ گەر و لەوێش بۆ گەردیلەی بچووک بچووکدەکەنەوە، ئەوا شـاعیریش بۆ ئەو پەیامەی دەیەوێ لە نێو دەقەکەیدا بیگەیەنێت، دەبێت بە بچووکترین فۆرم بیخاتەڕوو، بەشـــێوەیەک تەواوی لقوپۆپە زیادەکانی زمان و ڕســتە وەلادەنێت، تەنیا ڕۆحی زمانەکە دەهێڵێتەوە، بەمەش (نانۆ شـیعر) بریتییە لە (شـیعرێکی یەکجار ورد، گرەو لەسەر کورتبڕییەکی یەکجار کورت دەکات و ژمارەی وشەکانی نزیک پێنج وشەیە و پشت بە کردەوەیەکی چڕی ناو زمان دەبەستێت)(محەمەد، ٢٠١٤: ١٧)، بێگومان ئەم پێناسینە تا ڕاددەیەک گونجاوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوە دانیین: بنەڕەتەکە بە (پێنج وشـە)بچەسـپێنرێت، چونکە دەکرێت زیاتر لە پێنج وشـە یان کەمتریش بێت و هەر نانۆش بێت، جگە لەوەش بێ ناونیشانە.

بەو پێیەی ئەمە فۆرمێکی نوێیە لە ئەدەبی جیهانی و نوێترین فۆرمی شیعرییە لە ئەدەبی کوردییدا، بۆیە ناتوانین بڵێین دەقی زۆرمان لەم چەشـــنە لە فۆرمە ئەدەبی کوردییدا هەیە، کارەکان کەم و دیاریکراون، ئەوەی هەیە تایبەت بەم فۆرمە؛ (هاشم سەڕاج) لە ساڵی (٢٠١٢) کتێبێکی بە ناوی (شیعری نانۆ) چاپ کردووە، کە هەموو دەقەکانی نێو کتێبەکە شیعری نانۆن، دواتریش (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) لە ساڵی (٢٠١٣) کتێبی (نانۆ تاتۆ دەکەم)ی بڵاوکردەوە، کە نزیکەی ٨٦٠ شیعری نانۆی تێدایە، بەشێکیش لە شاعیرانی دیکە لە دوتوێی دیوانەکانییاندا تاک و تەرا ئەم فۆرمە بەدیدەکرێت، وەک (جەلال بەرزنجی)ی بە دەگمەن ئەم فۆرمەی لە کۆتا (دیوان)یدا بەکارهێناوە، وەک دەڵێت:

**مادام** دەترسم

**ئازاد نیم**. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٤٩)

وەک دیارە ئەم فۆرمە شـیعرییە بێ ناونیشـانە، شـاعیر ئەو پەڕی توانای خۆی بەکارخسـتووە بۆ دەسـتگرتنەوە لە بەکارهێنانی هەر کەرەسـتە و وشـەیەکی زیادە، بۆ ئەمەش ماناو مەبەسـتی بە کورتترین ڕێگا دەربڕیووە، کە باس لە بوونی ترس دەکات لە ناخییدا و تا ئەو ترســـەیش هەبێت، ئەوا ئەو ئازاد نییە، چونکە دواجار درەنگ یا زوو دەمرین، مردنیش کات و ساتی نییە و شتێکی غەیبە. یان لە دەقێکی دیکە دەڵێت:

**سێو درۆیە**. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢١٤)

شاعیر بە دوو وشـە و بە فۆرمی نانۆ ئاماژەی بە بابەتێکی زۆر قووڵ داوە، باس لە سێوەکەی (ئادەم) دەکات، کە لای بەشێک لە پەیڕەوانی ئایینەکان سەراپای ژیانی دونیا لەوێوە دەست پێدەکات، شاعیر لە دەقەکەییدا ئەم بابەتانە نەک هەر دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە، بەڵکو بە درۆشی دەخاتەوە و سەراپایان بە ناڕاست لە قەڵەم دەدات. یان دەڵێت:

**برۆ بە شوێن ئەوەی خۆشتدەوێ**

**یان بخەوە**. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ٢٠١)

شاعیر بێ بەکارهێنانی هیچ کەرەستەیەکی زیادە و هەر لە ڕستەیەکدا مەبەستەکەی دەربڕیووە و دەڵێت؛ گەر خەون و ویستت هەیە، دەبێت هەوڵی بۆ بدەیت و شوێنی بکەوی، گەر شوێنی ناکەویت ئەوا خەون و خەیاڵەکان لە هزرت وەدەرنێ و بخەوە، بەڵام مافی گلەییت لە قەدەر و ڕۆژگار نییە.

- **بە گشتی جەلال بەرزنجی (٨) جار ئەم فۆرمەی بەکارهێناوە لەکۆی( ٢٩٧) دەق ، کە دەکاتە ڕێژەی (٢.٧٪).**

## ٣. ئەنجـــــــام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1. لە سـوگنەی ئەو فۆرمانەی شـاعیر لە دەقەکانییدا بەرجەسـتەی کردوون، بۆمان دەردەکەوێت: شـاعیری ناوبراو هەمیشە هەوڵی نوێگەری داوە و شاعیرێکی نەسرەت و سەربزێوە.
2. شـاعیر بە ڕێژەیەکی زۆر لە بایەخدان بە (ئاوازی دەرەوە)ی شـیعر و بەکارهێنانی (کێش و سـەروا) دوور کەوتۆتەوە، لەبری ئەوە بایەخی بە (ئاوازی ناوەوە و ریتم) داوە.
3. دەقەکانی بەر لە ڕۆیشـتن بۆ تاراوگە- غوربەت، زیاتر ئەو دەقانەن، کە درێژن و لە شـێوەی (چیرۆکە شـیعر و پەخشـانە شیعر)دان، بەڵام دوای چوونی بۆ تاراوگە و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەدەبیاتی بێگانە ئەوا دنیابینیی دەگۆڕێت و بەرەو فۆرمی کورت دەڕوات. بۆیە دەقەکانی تاراوگەی زیاتر ئەو دەقانەن، کە ئەدگارێکی کورتیان هەیە و لە شێوەی (کورتەشیعر، ڕستە شیعر، هایکۆ، نانۆ...)دان.
4. شـاعیر زۆرینەی فۆرمە شـیعرییەکانی (شـیعری ئازاد، پەخشـانە شـیعر، چیرۆکە شـیعر، پۆسـتەرە شـیعر، کورتیلە شیعر، ڕسـتە شـیعر، هایکۆ، نانۆ) لە دەقەکانییدا بەکارهێناوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆ نموونە زۆرترین شـیعری بە فۆرمی (شـیعری ئازاد) لە شـیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، کەچی لە بەرانبەردا هیچ دەقێکی بە فۆرمی (ڕۆمانە شـیعر) و فۆرمی (شیعری وێنەی)ی نەنووسیووە، تەنیا یەک دەقی شیعری شانۆیی هەیە بە ناوی (عەشقێکی تر).
5. ئەم هێلکارییە ئەنجامی شـەنوکەوی (کۆدیوانی شـاعیر)ە، بە شێوەیەکی (ڕێژەی سـەدی) تەواوی فۆرمە شیعرەکانی تێدا ڕوونکراوەتەوە:

| ز | فۆرمەکانی شیعری هاوچەرخ | ژمارەی شیعر | کۆی شیعر | ڕێژەی سەدی فۆرمی بەکارهاتوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شیعری ئازاد | ١٠٨ | ٢٩٧ | ٪٣٦.٣ |
| ٢ | کورتیلە شیعر | ٨٢ | ٢٩٧ | ٪٢٧.٦ |
| ٣ | ڕستە شیعر | ٣٩ | ٢٩٧ | ٪١٣.١٣ |
| ٤ | پۆستەرە شیعر | ٣٥ | ٢٩٧ | ٪١١.٧ |
| ٥ | چیرۆکە شیعر | ١٠ | ٢٩٧ | ٪٣.٣٦ |
| ٦ | پەخشانە شیعر | ٩ | ٢٩٧ | ٪٣.٣ |
| ٧ | نانۆ | ٨ | ٢٩٧ | ٪٢.٧ |
| ٨ | هایکۆ | ٥ | ٢٩٧ | ٪١.٦٨ |
| ٩ | شیعری شانۆیی | ١ | ٢٩٧ | ٪٠.٣٣ |
| ١٠ | ڕۆمانە شیعر | ٠ | ٢٩٧ | ٪٠ |
| ١١ | شیعری وێنەیی | ٠ | ٢٩٧ | ٪٠ |

## ٤. ســـــەرچاوەکان:

### ٤. ١. کتێبەکان:

### ٤. ١. ١. کتێب بە زمانی کوردی:

– ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٧)، شێوە و ناوەرۆک، چ.١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
– ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، چ.١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
– بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٣)، لە سەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە، چ.١ ، دەزگای فام، هەولێر.
– بەکر، محەمەد (٢٠٠٤)،پەخشانە شیعری کوردی،، چ.١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر
– پاڵەوان، سەلاح حەسەن (٢٠١٠)، شیعری کراوە، چ.١ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
– پیربال، فەرهاد (٢٠٠٢)، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، چ.١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
– تاهیر، تەڵعەت (٢٠١١)، چوونە ناو سوری مانا، چ.١ ، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
– حەبیب، بەدران ئەحمەد (٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوە، چ.١ ، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
– حەسینی، ڕەزا سەید (٢٠٠٦)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چ.١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
– حەسەن، حەمە سەعید (٢٠١١)، سێوی هۆشیاری، چ.١ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
– ڕۆژبەیانی، تاهیر (٢٠٠٨)، شیعریەت لە دەرەوەی شیعر، چ.١ ، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
– ڕەحمان، عەبدوڵڵا (٢٠١٤)، بنیاتی گێڕانەوە، چ.١ ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
– ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ.١ ، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد.
– عومەر، وەلید (٢٠٢١)، کێشەی فۆڕم و ناوەرۆک، چ.١ ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
– عەلی، دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چ.١ ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
– عەولا، عەبدوڵڵا ڕەحمان (٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا(باشوری کوردستان١٩٢٥-١٩٦١)، چ.١ ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– عومەر، یاسین (٢٠٠١)، ئەزموون، چ.١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
– کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٠٧)، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی، چ.١ ، چاپخانەی سەیوان، سلێمانی.
– محەمەد، شاخەوان فەرهاد (٢٠١٤)، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا)، چ.١ ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
– نۆری، سەردار (٢٠١٩)، کەوتنە خوارەوەی مەراق، چ.١ ، بڵاوکراوەکانی نووسیار، تاران.
– هاڵبێرگ، پیتەر (٢٠١٠)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، چ.١ ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

### ٤. ١. ٢. کتێب بە زمانی عەرەبی:

– ادونيس (2010), ادونيس- الحوار الكاملة، ط.2، بدايات للنشر والتوزيع، سوريا.
– الكبيسي، طراد (١٩٧٩). الغابة و فصول، ط. ١، دار الرشيد للنشر، بغداد.
– كورك، جاكوب (١٩٨٩). اللغه فى الادب الحديث الحداثة والتجريب، ط. ١، دار المامون، بغداد.

### ٤. ٢. نامە ئەکادیمییەکان:

– خدر، پەروین عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، فۆرمەکانی شــــیعری هاوچەرخی کوردی(١٩٧٨-٢٠٠٠)باشــــووری کوردســـــتان، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
– مەحموود، محەمەد قادر (٢٠٢٢)، فۆرمەکانی دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیی (١٩٧٣- ٢٠١٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

### ٤. ٣. گۆڤارەکان:

### ٤. ٣. ١. گۆڤارە زانکۆییەکان:

– بکر ، خالد ؛ هیمداد حسێن، عەبدوڵلا محەمەد، (2021)، ڕۆڵی ناونیشان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، بەرگی: 25، ژمارە: 6.

– https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.11

– بکر، محمود ؛ هیمداد حسێن، محمد قادر، (2023فۆرمي دةقي والاَ لة ئةزمووني شيعريي (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، بەرگی: 27، ژمارە: 2.

– https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.1

– حەمە، بەکر؛ محەمەد ئیبراهیم، هیمداد حوسێن (2021)، تۆپۆگرافیای شیعریی لە دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، بەرگی: 25، ژمارە: 6.

– https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.12

### ٤. ٣. ٢. گۆڤار و ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان:

– سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٥)، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ب. ٢، ژ. ٣، ڕانیە.

– قادر، ڕێبین خەلیل (2007)، بڕارکردنی زمانی شیعری کوردی، گ. ڕامان، ژ. 121، ڕێککەوتی: 5/6/ 2007، هەولێر.

– مستەفا- سالّح، هێرۆ عەبدولڕەحمان-عومەر محمد (٢٠٢٣)، (شانۆ لە شیعری شانۆیی لە بواری فێرکردن)دا شیعرە شانۆییەکانی شوان ئەحمەد بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ. ٥٧، هەولێر.

– مەردان، کاوە عەلی (٢٠٢٣)، شیعری نانۆ وەک فۆرمێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، گ. ڕامان، ژ. ٣٠٥-٣٠٦، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٥، هەولێر.

### ٤. ٤. پێگەی ئەلیکترۆنی:

– فەرزەندە، ئاشنا (٢٠٢٣)، ئاوڕدانەوەیەک لە تیۆریی ڕەخنەیی فۆرمالیستیی، کوردراوم.

– HTTPS://WWW.KURDRAWM.COM/3491/IDEA/

– زاهیر، زاموا (٢٠٢٠)، هایکۆی ژاپۆنی چییە؟، خاک.

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=22386&type=farhang

### ٤. ٥. فەرهەنگ:

– شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان (هەژار)(١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی (کوردی-فارسی)، چ.١ ، تاران.

### ٤. ٦. گفتوگۆ و چاوپێکەوتن:

– بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٣)، لە ڕێگەی پەیوەندی ئەلیکترۆنییەوە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٨/٨).

## أشكال الشعر المعاصر في أشعار (جلال برزنجي)

**كامران ابابكر خضر خوشناو**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية/شقلاوة
جامعة صلاح الدين - أربيل،أقليم كوردستان،العراق
kamaran.khudhur@su.edu.krd

**دلگەش صمد رسول**
مديرية التربية/ بنصلاوة، مديرية
العامة،لتربية أربيل وزارة التربية - أربيل
Dllgash17samad@gmail.com

**محمد شاكر عبدالكريم**
مديرية التربية/ شقلاوة، مديرية العامة لتربية أربيل
وزارة التربية - أربيل
Muhammad2001sh14@gmail.com

**ملخص**

كل نص أدبي بشكل عام وشعر بشكل خاص له جانبان وله (الشكل) و(المضمون). ومن ناحية أخرى، تكون ذات أهمية كبيرة؛ إن أشكال النص، وخاصة الشعر، تتغير باستمرار، وهي سبب لتجديد الشعراء، وهو سبب لاستمرارية النوع. ولذلك فإن للشعر الكردي المعاصر العديد من الأشكال الخاصة وتندرج قصائد الشعراء ضمن شكل أو أكثر من هذا النوع. وقد حاولنا في هذه الدراسة مناقشة أشكال كثيرة من الشعر المعاصر والنصوص الشعرية (جلال البرزنجي) كدليل على الشكل، لأنه صاحب خبرة (في الداخل والخارج) وحاول مجاراة احتياجات الفترة في كتابه. النصوص دائما في تجديد وابتكار مما جعله يلفت انتباه الدول الأوروبية ورحلت العولمة، ولذلك هذه الدراسة (أشكال الشعر المعاصر في أشعار جلال البرزنجي).

**الكلمات المفتاحية**: الشكل، الشعر الحر، شعر القصة، الهايكو، النانو.

## Forms of Contemporary Poetry in Jalal Barzanji's Poems

**Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Department of Kurdish language, College of Education, Salahuddin University-Erbil/ Shaqlawa, Kurdistan Region,Iraq
kamaran.khudhur@su.edu.krd

**Dllgash Samad Rasul**
Directorate of Education, Banslawa General Directorate of Education Erbil, Ministry of Education – Erbil
Dllgash17samad@gmail.com

**Muhammad Shakr Abdulkarim**
Directorate of Education, Shaqlawa, General Directorate of Education-Erbil, Ministry of Education
Muhammad2001sh14@gmail.com

**Abstract**

Of course, every literary text in general and poetry in particular has two aspects and has (form) and (content). be of great importance, on the other hand; Forms of text, especially poetry, are constantly changing and are a reason for poets to renew themselves, which is a reason for the continuity of the genre. Therefore, contemporary Kurdish poetry has many special forms and poets' poems fall into one or more forms of this genre. In this study, we have tried to discuss many forms of contemporary poetry and poetic texts (Jalal Barzanji) as evidence of the form, because he has experience (at home and abroad) and tried to go with the needs of the period, in his texts is always in renewal and innovation, which has made him attract the attention of European countries Globalization has gone.

**Keywords**: Form, free poetry, story poetry, haiku, nano.